

# لەبەرامبەر ئەقڵیەتی تاکڕەوی

# دیپلۆماتیەتی خۆپاراستن لە کێشە و قەیرانی دروستکراو، یەکڕیزی و گوتاری یەکگرتووی نەتەوەیە

((دیپلۆماتییەتی خۆپاراستن لەکێشە (Preventive Diplomacy)) بەواتایەکی زۆر سادە واتە:

خۆپاراستن لەشەڕ و کاولکاری زۆر ئاسانترە لە دووبارە دروستکردنەوەی بینایەك، ئەمەش پەیوەستە بەوەی پێش ئەوەی کێشەکە ڕووبدات تێگەیشتن و هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەو کێشەیە هەبێت، نەك چاوەڕوان بکرێت هەتا کێشەکە ڕوودەدات و قەیرانێك دروست دەبێت، هەربۆیە لەم بارودۆخەدا پێویستە میکانزمێك هەبێت بۆ چاودێریکردنی ئەو قەیرانەی پێشبینی دەکرێت و هەوڵبدرێت ژێرخانێك بونیاد بنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەکاتی پێویست بە بەباشی و خێرایی لەگەڵ کێشەکە مامەڵە بکات، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە ئیرادەیەك هەبێت بۆ ئیدارەی تەنگژەکە، بۆ ئەوەی ئەم ئیرادەیە ببێتە هاندەرێك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە..

سەبارەت بە قەیرانی ئێستای عێراق لای من جوانترین وتە کە تائێستا گوتراوە ئەو وتەی کۆڵن پاوڵە (وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا) کاتێك بەزمانێکی سادە لە سوپەرمارکێتێکدا مەسەلەی دەستێوەردانی ئەمریکای بۆ کەسێکی ئاسایی ڕوونکردۆتەوە و پێی وتووە (ئەگەر هەر شتێك لەم سوپەر مارکێتە بشکێنی پێویستە لەسەرت بیکڕیت و پارەکەی بدەی)، بەداخەوە ئەمریکا بە خودی کۆڵن پاولیشەوە کاریان بەم قسە سادەیە نەکرد، ئەمریکا عێراقی شکاند، بەڵام نەیتوانی بیکڕێت، ئەمەش ئەو مەترسییە کە عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆیی بڕوات، شەڕی ناوخۆش لە عێراقدا ڕووبدات دەبێتە تراژیدیایەکی دیکە لەناوچەیەکی پڕ لە تراژیدیادا. ئەمەش لەبەدبەختی عێراقیەکانە لەبەر ئەوەی هێندەی دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەریان دەبێت، هێندە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەر نابێت هەتا بتوانێت بەڕێگەی دیپلۆماتی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت یان ڕۆڵێکی پۆزەتیف بگێڕێت)).



**پرۆفیسۆر کیڤن ئافروش بۆ گوڵان**

**تۆژەری شرۆڤە و چارەسەری تەنگژەکان**



ژمارە (٩٠٥) ■ ٢٠١٢/١١/٢٦



**متمانه توخمێكی سەرەكییە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەكان و درووستبوونی هەماهەنگی**

دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ تێكڕای لایەنە كوردستانییەكان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای كێشەی هەرێم لەگەڵ ناوەند و گەیشتن بە گوتارێكی یەكگرتوو بۆ چۆنییەتی لەگەڵ ئەو كێشەیەی كە نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی و حزبەكەی دروستیكردووە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووك نووسیوویەتی: ***((كۆبوونەوەی دوێنێی (٢٠١٢/١١/٢٢) لایەنە سیاسییەكانی كوردستان باشترین و بەهێزترین وەڵام بوو بۆ پیلانەكانی دژ بە كوردستان. هەر لەسەر ئەو یەكڕیزی و یەك هەڵوێستییە دەتوانین هەموو پیلانەكان پوچەڵ بكەینەوە))***، ئەم چەند وشەیەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە یەكڕیزی و یەك هەڵوێستی گەلی كوردستان جارێكی دیكە ئەوەمان فێردەكاتەوە كە ئامانجی سەرۆك بارزانی ئەوەیە ئەو كێشەو قەیرانانەی هەستیان پێدەكەین پێش ڕوودانی ڕێگەیان پێ بگرین و ئارامی و ئاسایشی هەرێمی كوردستان پارێزراو بێت و زەمینەیەكیش بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بەرێگەی یاسایی و دەستووری كێشەی ناوچە دابڕاوەكان و كێشە هەڵواسراوەكانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بكرێت، لەمەشدا سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە هاوشێوەی بارزانی نەمر یەكڕیزی و یەك هەڵوێستی گوتاری سیاسیی كوردستان بە گەورەترین میكانیزم و فاكتەر دەزانێت بۆ ئەوەی ئەو پیلانانەی دژی كوردستان دەچنرێن هەڵبووەشێنەوە، لەم حاڵەتەشدا، سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە ئێستا ئەركێكی مێژوویی لەسەرشانە دەیەوێت ئەوە بە هەموومان بڵێت كە (ئەوە گرنگ نییە كێشەیەك بوونی هەیە، بەڵكو ئەوە گرنگە چۆن ڕووبەڕووی ئەو كێشەیە دەبینەوە

**هەموو هەڵوێستەكانی سەرۆك بارزانی بانگێشەیە بۆ لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی ئەقڵیەتی خۆیان بۆ بیركردنەوە لە چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەی كوردستان بگۆڕن**

و چارەسەری دەكەین و ئێمە وەك گەلی كوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم كێشەیە دەكەین)، ئەمە لە كاتێكدا كە مەبەستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان تەنیا لەو كاتە نییە كە كێشەكە ڕوودەدات، بەڵكو لەكاتی هەستكردن بە مەترسی كێشەكان و هەوڵدان بۆ خۆدوورخستنەوە لە كێشەكان، ئەم بیركردنەوەیەی سەرۆك بارزانی و پیادەكردنی دیپلۆماتیەتی خۆپاراستن لە كێشە و ڕوودانی قەیران، هەموو كات بۆ پیادەكردنی ئاشتی و هێنانەوەی بەرامبەرە بۆ زمانی دیالۆگ و چارەسەركردنی كێشەكانە بەهێزی دیپلۆماتی نەك پەنابردن بۆ دیپلۆماتیەتی هێز، بۆیە لەو حاڵەتانەی كەبەرامبەر بە شێوازی كلاسیكی مامەڵە لەگەڵ كێشەكان دەكات یان ئینكاری بوونی كێشەكە دەكات و دەیەوێت بەزەبری هێز خۆی فەرز بكات، ئەوا بەڕێز مسعود بارزانی لەو كاتانەدا بەپشتن بەستن بە ئیرادەی گەلی كوردستان و یەكڕیزی سەرجەم لایەنە سیاسییەكان بەرامبەری ئازاد كردووە لەوەی ئەوەی پێدەكرێت بەهێز با بیكات، هەربۆیە ئەگەر چاوێك بە هەڵوێستەكانی سەرۆك مسعود بارزانی بخشێنینەوە ئەوا لەماوەی نزیكەی ٢٠-٢٥ ساڵی ڕابردوودا هەموو كات لەو قۆناخە هەستیارانەی گەلی كوردستان ڕووبەڕووی تەحدی و پیلانی دەوروبەر بۆتەوە، سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگەیەك هاتۆتە مەیدان و ئامادەباشی گیانفیداكاری كردووە بۆ ئەوەی كوردستان لەمەترسی دووربخاتەوە، هەربۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەڵوێستەكانی سەرۆك بارزانی بكەین، دەبینین لە ڕۆژگارە زۆر هەستیار و پڕ مەترسییەكاندا خاوەنی ئەم ئیرادەیە بووە و سەلماندویەتی كە هیچ هێزێك ناتوانێت

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە هاوشێوەی بارزانی نەمر یەكڕیزی و یەك هەڵوێستی گوتاری سیاسیی كوردستان بە گەورەترین میكانیزم و فاكتەر دەزانێت بۆ ئەوەی ئەو پیلانانەی دژی كوردستان دەچنرێن هەڵبووەشێنەوە**

ئیرادەی گەلی كوردستان ملكەچ بكات، هەربۆ نموونە ئەو كاتەی سەرۆك مسعود بارزانی لە داستانی خواكورك ڕووبەڕووی ئەو سوپایەی عێراق بۆوە كە لەماوەی هەشت ساڵدا بۆ هێرشكردنە سەركۆماری ئیسلامی ئێران بونیاد نرابوو، هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەڕووی لۆجستیەوە بە بەراورد بە سوپای عێراق خاوەنی هیچ نەبوو، بەڵام لەڕووی مەعنەویەوە خاوەنی ئیرادەیەك بوو كە توانی چۆك بەو سوپایە دابدات، لە بەهاری ١٩٩١ و دوای دامركاندنەوەی ڕاپەرین، ئەوە بەڕێز مسعود بارزانی بوو لە دەربەندی كۆڕێ سەركردایەتی ڕووبەڕووبوونەوەی كرد و دەبابەكانی بەشكاوی لە دەربەندی كۆڕێ پێ بەجێهێشتن، لەسەرووبەندی پرۆسەی ئازادكردنی عێراقیشدا دیسان هەر بەڕێز مسعود بارزانی بوو بە جیهانی ڕاگەیاند دەبێت سوپای توركیا بەسەر لاشەی من و پێشمەرگەدا هەرێمی كوردستان داگیربكات، گەڕانەوە بۆ باكگراوەندەی هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییانەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ پیشاندانی ئەوەنییە كە بەڕێزی بڕوای بە هێزە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، بەڵكو بۆ ئەوەیە كە بەرامبەر تێبگات بەشەڕ و پەنابردن بۆ هێزی سەربازی كێشەكان چارەسەر ناكرێت، بۆ ئەوەیە بە بەرامبەر بڵێت ئەقڵیەتی سیاسیی كلاسیكی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان كۆتایی هاتووە و دەبێت بەشێوازی سەردەمیانە و بەزمانی ئاشتی و دیالۆگ و لێكتێگەیشتن هەوڵبدرێت كێشەكان چارەسەر بكرێن، هەربۆیە ئەگەر لە میانەی ئەم هەڵوێستانەی سەرۆك بارزانییەوە سەیری ئاكامی تەنگژەكان بكەین، هەست

**لەبەر ئەوەی لەسەردەمی جیهانگیریدا سنوورەکان کراوەن، ئەوا لەهەر وڵاتێك مەترسی و ئاژاوە بێتە ئاراوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو مەترسیە دەگوازرێتەوە بۆ دەوروبەر و لەوێشەوە بۆ جیهان، کە لەهەموویان مەترسیدارتر مەسەلەی گواستنەوەی تیرۆرە**

دەکەین هەموو هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی بانگێشەیە بۆ لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی ئەقڵیەتی خۆیان بۆ بیرکردنەوە لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کوردستان بگۆڕن، بە واتایەکی دیکە ئەگەر لایەنی بەرامبەر بە ئەقڵیەتێکی میلیتاری مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، ئەوا ئەو لایەنەی لەو ئاکامی ئەو ئەقڵیەتە زەرەرمەند دەبێت تەنیا لایەنی کوردستان نییە، بەڵکو خودی ئەو لایەنەی کە ئەو ئەقڵیەتە پیادە دەکات زەرەمەندی سەرەکی دەبێت، هەروەك نووسەر و ڕۆژنامەنووسی عێراقیش عەدنان حوسێن لە وتارێکدا کە ڕۆژی ٢٠١٢/١١/٢٢ بەناونیشانی (هێڵی سوور) لە ڕۆژنامەی (المدى) بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە جووڵە پێکردنی هێز لە لایەن مالیکیەوە دژی هەرێمی کوردستان نووسیویەتی (ئێمەی عەرەبی عێراق گەورەترین زەرەرمەند بووین لەو شەڕانەی حکومەتەکانمان دژی کورد کردویەتی)، شەڕی حکومەتەکانی عێراقیشی گێڕاوەتەوە بۆ سیاسیەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و لە دوای ئەوانیشەوە لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا دەگاتە سەدام حوسێن، هەموو هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی بە شەڕ و بە بەکارهێنانی هێز کێشەی کورد سەرکوت بکەن، بەڵام کورد لە ١٩٥٨ داوای دەکرد ئەو بەندەی دەستوور جێبەجێ بکەن کە دوادەکات کورد وعەرەب هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا، بەڵام کە ئەمە جێبەجێنەکراو سەقفی داواکاری کورد بەرز بووەوە بۆ ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٧٠ حکومەتی بەکر و سەدام

**بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی و پیادەکردنی دیپلۆماتیەتی خۆپاراستن لە کێشە و ڕوودانی قەیران، هەموو کات بۆ پیادەکردنی ئاشتی و هێنانەوەی بەرامبەرە بۆ زمانی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکانە بەهێزی دیپلۆماتی نەك پەنابردن بۆ دیپلۆماتیەتی هێز**

ڕێککەوتننامەی ئازاریان لەگەڵ کورد ئیمزا کرد، سەدام ویستی لە ئۆتۆنومی پاشگەز بێتەوە و نیوەی شەتولعەرەبی دایە شای ئێران بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد کپکاتەوە پاشان ماوەی هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێران کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە هەڵوەشێنێتەوە و هەموو جۆرە سیاسەتێکی دڕندانەو ژینۆسایدی دژی کورد پیادەکرد، بەڵام سەرەنجام بووە هۆکاری ئەوەی کوێت داگیر بکات و ئەو نەهامەتیە گەورەیە بۆ عێراق دروست بکات و، کوردیش سەقفی داواکاری لە ئۆتۆنۆمیەوە بەرز بۆوە بۆ فیدرالی، عەدنان حوسێن لەوتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات ئێستاش کە حکومەتی مالیکی دەیەوێت هێز بجووڵێنێت دیسان زەرەرمەندی گەورە بەقسەی عەدنان حوسێن عەرەبی عێراق دەبێت و کوردیش ئەمجارە سەقفی داواکاری خۆی لە فیدرالی بەرزتر دەکاتەوە، ئەم بۆچوونەی عەدنان حوسێن دەنگێکی ئەو عەرەبانەی عێراقە کە بەداخەوە هەتا ئێستا کەمینەن، بەڵام هەست دەکەن ئەگەر ئەقڵیەتی کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەرامبەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی گەلی کوردستان نەگۆڕێت چ کارەساتێك بەسەر عێراق دێت، ڕاستە ئەگەر خوانەخواستە کار بگاتە ئەوەی سەرباز و پێشمەرگە کێشەکان یەکلایی بکەنەوە، ئێمەش وەك کوردستان زەرەمەند دەبین بەتایبەتی کە ئێستا لەگەرمەی قۆناخی بونیادنانەوە و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دامەزراوە دەوڵەتیەکانی کوردستانین، بەڵام

**یان دەبێت مالیکی و حکومەتەکەی بگەڕێنەوە بۆ ئەقڵیەتی مەدەنی و زمانی وتوویژ و لێکتێگەیشتن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، یان عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێك دەکەنەوە کە پێش هەر لایەك خۆی و حکومەتەکەی گرتێبەردەدات**

زەرەرمەندی گەورە حکومەتی عێراق و نوری مالیکی و حزبەکەی ئەو دەبێت، هەربۆیە ئێستا کە ئەم یەکریزی و یەك هەڵوێستیە بەرامبەر بەم پیلان و ئاژاوەگێڕییە لەناو هێزە سیاسیە کوردستانییەکان بوونی هەیە، ئەوا یان دەبێت مالیکی و حکومەتەکەی بگەڕێنەوە بۆ ئەقڵیەتی مەدەنی و زمانی وتوویژ و لێکتێگەیشتن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، یان عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێك دەکەنەوە کە پێش هەر لایەك خۆی و حکومەتەکەی گرتێبەردەدات.

### چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان

بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی ئۆلیریچ بیك لە کتێبی (کۆمەڵگەی مەترسیدار) ئاماژە بەوە دەکات جیهانگیری سنووری هەموو وڵاتانی واڵا کردووە، بۆیە چۆن واڵابوونی سنوورەکان چەندین لایەنی ئەرێنی هەیە بۆ کۆمەڵگاکانمان، بەهەمان شێوە واڵابوونی سنوورەکان زەمینە سازی ئەوەدەکات چەندین مەترسیمان بۆ بێتە ناوەوە، ئۆلیریچ بیك یەکێك لەو مەترسیانەی ئاماژەی پێکردووە کە لەسنوورە کراوەکانەوە بەئاسانی دێتە ناوەوە، مەسەلەی تیرۆرە، لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسیش هەر هەمان بیرمەند لە کتێبی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات لەسەردەمی جیهانگیری) ئاماژە بەوە دەکات نە دەوڵەت دەوڵەتی نەتەوەیی سەردەمی پێشانە نە دەسەڵاتی ناو دەوڵەتیش بەتەنیا دەسەڵاتی ئەو کەسانەیە

کە دەسەڵاتدارن، بەواتایەکی دیکە هێندەی فاکتەری نێودەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکان و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتیەکان ئاراســتەی دەوڵەت دیاری دەکەن، هێندە دەسەڵاتدارانی ناو دەوڵــەت ناتوانن دیــاری بکەن، بۆیە داوای ئەوە دەکات بۆچوونەکان لە ئاستی نەتەوەییەوە بەمانــای دەوڵەتی نەتەوەیی داخراو پێویســتە بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی ســەرووی دەوڵەتی نەتەوەیی و شێوازێکی جیهانگیری وەربگرێــت، ئەم بۆچوونەی ئۆلریش بیك ئاماژەیە بۆ ئەوەی:

١- ئاشــتی و ئاسایشــی جیهــان بۆتە یەکەیەکــی یەکگرتــوو جیاناکرێتەوە بۆ کێشــەی ناوخۆیی دەوڵەتێــك و دەوڵەت هەرچی بکات لەچوارچێوەی ســنووری خۆیدا کەس پرسیاری لێ نەکات.

٤- ئــەم هۆکارانەن کــە وا دەکەن دەبێت بیرکردنەوە بۆ جیهانێکی ئارام و سەقامگیر سنووری دەوڵەتی تەقلیدی ببەزێنێت.

ئەگەر لــەم ڕوانگەیەوە ســەیری کۆی کێشەکانی جیهان بکەین، ئەوا دەبینین ئەم کێشانە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەری لەســەر هەموو دەوڵەتانــی جیهان هەیە، بەتایبەتی کە ئێســتا مەترسی ئەوە هەیە تیرۆریســتان بگەنە ئەو ئاستەی شەڕی ئەلکترۆنی بکەن، ئــەوا هیچ دوور نییە لەمەودایەکی دوورەوە ئارامی شــارێکی گــەورەی وەك نیویۆرك و لەندەن و پاریس بشــێوێنن و هەموو هێڵەکانی هاتووچۆی میترۆ و شــەمەندەفەر و فڕۆکەخانەکان ڕابگرن یان وابکەن بەســەدان کارەســاتی

خێــرە ناوخۆییانە هەبێت کــە دەیانەوێت ڕێگە لە کێشــە بگرن و قەیرانێکی گەورە دروســت نەبێت، بۆیە لەم ڕاستەوە ئەگەر پێشــتر دیپلۆماتیەتی خۆلادان لە کێشــە یان خۆپاراســتن لە تەنگژەکان هەوڵێکی ناوخۆیی لایەنــە پێکناکۆك و هاودژەکان بووبێــت، ئەوا لــە ئێســتادا ئەمە بۆتە هەوڵێکی نێودەوڵەتی و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر دوو ئاست هەماهەنگ بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان:

١- لەســەر ئاســتی داننــان بەبوونــی کێشەکە.

٢- لەســەر ئاســتی چۆنییەتــی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەکاندا.



«کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان باشترین و بەهێزترین وەڵام بوو بۆ پیلانەکانی دژ بە کوردستان. هەر لەسەر ئەو یەکریزی و یەك هەڵوێستییە

٢- لەبەر ئەوەی لەسەردەمی جیهانگیریدا ســنوورەکان کراوەن، ئــەوا لەهەر وڵاتێك مەترسی و ئاژاوە بێتە ئاراوە ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو مەترســیە دەگوازرێتــەوە بۆ دەوروبەر و لەوێشــەوە بۆ جیهــان، کەلەهەموویان مەترســیدارتر مەســەلەی گواستنەوەی تیرۆرە.

٣- لەسەر ئاســتی ئابووری دیسان جیهان بۆتە یەکەیــەك لێکجیاناکرێتەوە، هەربۆیە کاتێــك لەوڵاتێــك قەیرانێکــی ئابووری ڕوودەدات، ئەوا کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دەبێت.

لێبکەوێتەوە و هەزاران هاووڵاتی مەدەنی ببنە قوربانی، بۆیە لەم قۆناخەدا لەســەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فــەرز دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا ســەیری کۆی کێشەکان بکرێت، بۆیە ئەگەر لێرەوە بێینە سەر هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خۆلادان لە کێشــەکان و چارەســەرکردنی کێشــەکان، ئەوا دەبێت هاوکار لەگەڵ ئەو ئیــرادە خێرانەی لەناوخۆ و لە شــوێنی تەنگــژەکان هەوڵدەدن فتیلەی کێشــەکان خامۆش بکەن، ئەوا لەهەمانکاتدا پێویستە هــاوکاری و هەماهەنگیەکــی گەورەی نێودەوڵەتــی بۆ پشــتگیری ئــەو ئیرادە

ســەبارەت بــەم لایەنــە و کاریگــەری دیپلۆماتیەتی خۆپاراســتن لــە تەنگژە، پرسیارمان لە پرۆفیســۆر ڕۆبین زایۆتی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی دال هاوس کرد، لەوەڵامدا پرۆفیســۆر زایۆتی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خســتەڕوو وتــی: (هەرکاتێك مەزنــدەی ئەوەکرا یان هەستکرا کێشــەیەك لەئارادایە و گرژی و ناکۆکی لێ پەیدا دەبێت، ئەوا دەبێت بە پەلە ڕێوشــوێنی پێویستی بۆ بگیرێتە بەر پێش ئەوەی لــە کۆنترۆڵ دەربچێت، بۆ ئەمەش دیپلۆماتیەت باشــترین ڕێگــە چارەیە بۆ ئەوەی کێشــەکە جڵەوگیر بکرێت، کەواتە

هەم پێش ئەوەی کێشە رووبدات دەکرێت پەنا بۆ دیپلۆماتیەت ببرێت، هەمیش دوای روودانی کێشەکە هەتا ئەگەر شەڕیشی لێ بکەوێتەوە، کەواتە دیپلۆماتیەت بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامرازە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەکان و خۆلادان لەدروستبوونی قەیران، بەڵام دیپلۆماتییەتیش بەو مەرجە کاریگەر دەبێت کە بەلایەنی کەمەوە تێگەیشتنێك لەئارادا هەبێت لەنێوان لایەنەکان لەسەر ئەوەی کە گرنگە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە پێش ئەوەی مەسەلەکان لە کۆنترۆڵ دەرچن، دیپلۆماسییەت بوارێکی زۆر گرنگ و زۆریش هەستیارە و مەرج نییە لەهەموو بارودۆخێك سەرکەوتوو بێت لەبەرئەوەی تەنیا لە چەند حاڵەتێك کاریگەریی دەبێت،



دەتوانین هەموو پیلانەکان پوچەڵ بکەینەوە»

بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەرکەوتوو نییە، دیپلۆماسییەت چەند رێوشوێنێکی گرنگی هەیە بۆنموونە «دۆزینەوەی راستییەکان – Fact Finding» یاخود چەند رێگەچارەیەکی دیکە بۆنموونە سازدانی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن لەسەر بنەمایەکی بەردەوام بۆ بونیادنانی متمانە لەبەرئەوەی متمانە توخمێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەکان و دروستبوونی هەماهەنگی، بەڵام مەرجیش نییە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەم شێوازە ئاکامێکی باشی هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئاستی گرژی و ئاڵۆزی زۆر بەرز بێت یان

بگاتە ئاستی پیادەکردنی سیاسەتی توند یان دەستێوەردانی سەربازی، ئێوە ئاماژەتان بە هاریکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی کرد بەتایبەتی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام کێشەی یەکێتی ئەوروپا لەوەدایە کە تەنیا هەڵوێستی سیاسی هەیە و ناکرێت پشت بەرۆڵی یەکێتی ئەوروپا ببەسترێت، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە یەکێتی ئەوروپا بەپێی پێویست یەکگرتوو نییە، هەربۆیە لەوانەیە هەندێك لە وڵاتانی ئەندام هەڵوێست و یان بۆچوونی دیاریکراویان هەبێت لەسەر هەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی وڵاتانی دیکەی ئەندام جیاوازە ناتوانن رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن، بەپێچەوانەی ئەوەی کە پشتگیری لە هەڵوێستەکان هەبێت، هەربۆیە لە هەندێك لە بارودۆخەکاندا کاتێك کە زۆربەی وڵاتانی ئەندام یەك دەنگن و یەك هەڵوێستیان هەیە، دەبینین ئەوکات رۆڵێکی گەورەتر و کاریگەرتر دەگێڕن. ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری بارودۆخی ئێستای عێراق بکەین، ئەوا گومانی تێدانییە بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ بۆ عێراق دەبێتە کارەسات لەبەرئەوەی سیناریۆی لەوە باشتر بۆ عێراق پێشبینی دەکرا و عێراق لەساڵی رابردوو بەوە دەژمێردرا کە لە وڵاتانی دیکە کەمتر کێشە و گرفتی هەیە، بەڵام هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد وادیارە بارودۆخەکان

رووی لە باشتر نەکردووە، لەهەمان کاتیشدا ئەمە دەبێت بە وانەیەك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوبارەیەی کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی هەبێت، بەڵام پێویستە ئەو دەستێوەردانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە عێراق لەسەر بنەمای وەدیهێنانی سەقامگیری بێت و لەرێگەی پەیوەندییەکی ئاشتییانە لەگەڵ عێراق، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف و چارەسەر زۆر زەحمەتە بۆ بارودۆخێك کە پێشوەختە لە کۆنترۆڵ دەرچووە و کە ماوەیەکی درێژی لەسەر تێپەڕیوە، بۆنموونە دەیان ساڵە شەڕ و پێکدادان لەنێوان فەڵەستینییەکان و ئیسرائیل هەیە.))

ئەوەی پرۆفیسۆر زایۆتی ئاماژەی پێکرد و ئەوەشی لە پێشەکی ئەم راپۆرتە پرۆفیسۆر کیڤن ئافرۆش بەگوڵانی راگەیاندووە ئەوەیە بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ بۆ عێراق دەبێتە کارەساتێکی گەورە، ئەو رۆژانەمان بیردێنێتەوە کە تەنیا بەشێکی کەمی عەرەبی سوننە دژی حکومەتەکەی مالیکی بوون، کار گەیشتە ئەوەی پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل راوێژکاری ژەنراڵ پەترێوس لە فۆرن ئەفیرز بنووسێت (کاتێك بەغدا دەبینین سایگۆنمان بیردەکەوێتەوە) ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا چۆن لە ڤیتنام شەڕەکەی دۆڕاند بە هەمان شێوە شەڕی عێراقیشی دۆڕاندووە، ئەمە وایکرد کە ئیدارەی جۆرج بوش بە پەلە لیژنەیەك لەهەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی پێکبهێنێت بۆ ئەوەی دیراسەتی بارودۆخی عێراق بکرێت، بۆ ئەوەی وەك پیتەر گالبریس هەر لەو ماوەیەدا کتێبێکی نووسی بەناونیشانی (کۆتایی عێراق) نەهێڵرێت عێراق کۆتایی پێبێت و بۆ ئەمەش ستراتیژەیەتی بە پەلە زیادکردنی هێزەکان نرا، لێرەوە ئەگەر لەم بازنەیە سەیری هەوڵەکانی ئێستای مالیکی و حکومەتەکەی بدەین، ئەوا دەبێت هەموو ئەو راستیە بزانن، ئەگەر بێت و سنوورێك بۆ مالیکی دانەنرێت یان لانی کەم ناچار نەکرێت بگەڕێتەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی ئاشتی و دەستووری، ئەوا مەحاڵە ئەمجارە بتوانرێت رێگە لە کۆتایی عێراق بگیرێت.



ڕۆبین زایۆتی بۆ گوڵان:

# ئەگەر بێت و سنوورێک بۆ مالیکی دانەنرێت یان لانی کەم ناچار نەکرێت بگەڕێتەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتی و دەستووری، ئەوا مەحاڵە ئەمجارە بتوانرێت ڕێگە لە کۆتایی عێراق بگیرێت



بەڵام لەم حاڵەتەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەگەر عێراق بەم ئاراستەیە بڕوات تاچەند بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر دینیس دی جەی سالدۆم لە ئامۆژگای شرۆڤە و چارەسەری کێشەکان لەزانکۆی جۆرج ماسۆن کردەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر سالدۆم بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: (بەلای منەوە دیپلۆماتیەتی خۆپاراستن بە مانای ڕێگرتن دێت لە سەرهەڵدانی ناکۆکیەك کە سەربکێشێت بۆ توندوتیژی، بە مانایەکی دیکە ڕەنگە خەڵکی جیاوازی و ناکۆکی هەبێت لە نێوانیاندا، بەڵام پێویست ناکات دەست بکەن بە کوشتنی یەکتری، کەواتە دیپلۆماسیەتی خۆپاراستن بە مانای

**کێشەی یەکێتی ئەوروپا لەوەدایە کە تەنیا هەڵوێستی سیاسی هەیە و ناکرێت پشت بەرۆڵی یەکێتی ئەوروپا ببەسترێت**

کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نییە، بەڵکو ڕێگرتنە لە گرتنەبەری ئامراز و شێوازی توندوتیژ. بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، بە داخەوە زۆرێك لە وڵاتان، لە نێویاندا دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا و بە دڵنیاییەوە ئەمریکا شوێنکەوتەی تەفسیرێکی بەرتەسکی سیاسەتی واقیعیانەن «real» politic کە تێیدا هاتووە هەموو نەتەوەیەك بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی هەیە، کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لەم بەرژەوەندیانە بە چەشنێك بەرژەوەندیەکانی دیکە لەبەرچاو ناگرێت، و ئەم وڵاتانە درك بەو ڕاستیە ناکەن کە سەرکەوتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی پەیوەستە بەوەی هاوتابێت لەگەڵ بەرژەوەندی جیهانیدا، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت بەرژەوەندی نەتەوەیی بە یەکدابچێت لەگەڵ بەرژەوەندی جیهانیدا، بۆ نموونە قەتیسبوونی گەرما، چونکە هیچ نەتەوەیەك بە تەنیا ناتوانێت بەرەنگاری بێتەوە، بەڵکو دەبێت بە هاوکاری نەتەوەکانی دیکە ئەم کارە بکات، هەروەها ئەمە بەسەر زۆرێك لە ناکۆکی و شەڕەکاندا جێبەجێ دەبێت لە ناوچەکەی ئێوەدا، بۆ نموونە ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات، ئەوەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕوودەدات، ئەوەی لە فەلەستین ڕوودەدات، واتە هیچ نەتەوەیەك بە تەنیا ناتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە، بەڵکو دەبێت بە هاوکاری نەتەوەکانی دیکە و بە پێکەوەکارکردن لەگەڵیاندا ئەم کارە بکەن. بە داخەوە تەفسیری بەرتەسکی «real politic»، ئەوەی پێی دەوترێت «political realism»، دەبێتە بەربەست لەبەردەم هاوکاری کردندا. لێرەوە ئەگەر سەیری عێراق بکەین، ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی عێراق خراپتر دەبێت، چونکە زیاتر و زیاتر هێرشی خۆکوژی و کاری تەقاندنەوە ڕوودەدات لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، ئەمە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزە و شەڕی ناوخۆ لە ئاسۆوە دەرکەوتووە، هەموو ئەمانەش لە جەرگەی ناوچەیەکدا ڕوودەدات کە شەڕ و ناکۆکی دیکەی تێدا بەرپابووە، شەڕی ئیسرائیل و حەمماس،

**دیپلۆماتیەتی خۆپاراستن بە مانای ڕێگرتن دێت لە سەرهەڵدانی ناکۆکیەك کە سەربکێشێت بۆ توندوتیژی**





**دینیس دی جەی سالدۆم بۆ گوڵان:**

**دەبێت ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا سیاسەتێکی واقیعیانە بگرنە بەر و گوێ لەو دەنگانە بگرن کە وەک سەرۆک بارزانی بەدەنگی بەرز پێیان دەڵێت ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەرنەکرێن عێراق کۆتایی دێت**

ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی، واتە بارودۆخەکە زۆر شـــلۆقە و بۆی هەیە بە هەر ئاڕاستەیەکدا بڕوات. پێموایە بەشێکی چارەســـەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەندە لەســـەر پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ ئێـــران، ئەگەر ئـــەو پەیوەندیانە بەرەوپێش بچن، ئەوا باشتر ئیدارەی کاریگەری ئێران لەســـەر ڕژێمی شیعە لە عێراق دەکرێت و ڕەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ کەمبوونی بارگرژی لە نێوان ڕژێمی شیعەی بەغدا و کوردســـتاندا. لە پەیوەندیدا بە پرسیارە گەورەکەوە، واتە ئەوەی پەیوەســـت بێت بە بارودۆخی هەنوکەوە بە شێوەیەکی گشتی، مەبەســـتم دۆخی کوردە لـــە تورکیا، لە ســـوریا و لـــە عێراق و ئێـــران و کورد لە شـــوێنەکانی دیکە، ڕەنگە ئەمە پێویستی بە گرێدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بێت، کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە ســـازبکرێت، ڕەنگە بە هـــاوکاری ئەمریکا و ڕەنگە بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ ئەوەی تەرکیز لەســـەر دۆخی کوردەکان بکرێت لە ســـەدەی بیست و یەکدا و لە کۆتاییدا ئەو بارودۆخەکە چارەسەر بکرێت)).

ئەوەی لەم قۆناخـــەدا تا هەنوکە جێگەی مەترسیە ئەوەیە مالیکی و حکومەتەکەی لەبری ئەوەی لەهەنـــگاو هەڵگرتنیان بۆ هیۆرکردنـــەوەی بارودۆخـــە جددی بن و هەوڵبدەن هەنگاو لەدوای هەنگاو متمانە بونیادبنێنەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە هەنگاوەکانی مالیکی ئیســـتیفزازین و زیاتر گومانی لەســـەر دەکرێت و هەست ناکرێـــت بەوەی نییەتێکـــی خێری هەبێت بۆ ئەوەی کێشـــەکان بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێـــت، ئەرکـــی وڵاتانی دراوســـێی و کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیە بە هاوشـــێوەی تورکیا لایەنی دەستدرێژیکار بۆ شێواندنی بارودۆخەکـــە و هەڵکشـــانی گرژییەکان دیـــاری بکرێت بۆ ئەوەی گوشـــارێکی نێودەوڵەتی لەسەر مالیکی و حکومەتەکەی دروســـت بێت و هەســـت بکات کە ئەمڕۆ شـــێواندنی باری عێـــراق کارتێك نییە بە ئاسانی گەمەی پێبکرێت، هەروەها کاتی ئەوەیە وەك پرۆفیســـۆر سالدۆم ئاماژەی پێکردووە کە ئەمریـــکا و یەکێتی ئەوروپا سیاســـەتێکی واقیعیانـــە بگرنـــە بەر و ئەوانیش ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر و گوێ لەو دەنگانە بگرن کە وەك ســـەرۆك بارزانی بەدەنگی بەرز پێیان دەڵێت ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەرنەکرێن عێراق کۆتایی دێت، ئاکامی ئەم کارەساتەش کە ڕەفتارە نادەســـتووری و یاســـایەکانی حکومەتی بەغـــدا و کەمتەر خەمـــی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، ئەوا گەلی کوردستان بۆ خۆ دروخستنەوە لەو کارەساتە مافی خۆیەتی بڕیاری خۆی بدات و جیهانیش دەبێت ڕێز لەو ئیرادەیە بگرێت.

**دیپلۆماسیەتی خۆپاراستن بە مانای کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نییە. بەڵکو ڕێگرتنە لە گرتنەبەری ئامراز و شێوازی توندوتیژ**

**بەشێکی چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەندە لەسەر پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران**



**لەگەڵ ئەوەی ئوسامە نوجیفی سەرۆکی پەرلەمان ئێستا لەهەوڵی هێورکردنەوەی تەنگژەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە، بەڵام گومان هەیە پەرلەمان لە ئێستادا بتوانێت هیچ ڕۆڵێك بگێڕێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە و ڕۆڵی پەرلەمان بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

## عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# مالیکی دەیەوێت بە ئۆپەراسیۆنی دیجلە دەنگی کۆنە بەعسیـ

***بەڕێزتان وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەتان بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا چۆنە کە بەهۆی دامەزراندنی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و جووڵاندنی سوپاوە بەرەو ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان و گرژی و ئاڵۆزی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی هێناوەتە ئاراوەو خەریکە دەگاتە ئەو ئاستەی تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەناو ببات، ئایا بەڕێزت لەمبارەوە چی ئەڵێیت؟**

- خوێندنەوەم بۆ ئەم بارودۆخە هەڵایساوە ئەوەیە کە ئۆپەراسیۆنی دیجلە شتێکی نادەستوورییەو مالیکی بە ئەنقەست ئەو گرژییە دروست دەکات تا بیکاتە بانگەشەو حەملەو ڕیکلامێکی هەڵبژاردن بۆ خۆی تا هەست و سۆزی عەرەبە سوننەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هەمان کات تا حەددێکی زۆریش توانیویەتی عەرەبە شۆڤینستەکانی کە لە دەوروبەری کەرکوك و حەویجە هەن بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، چونکە ئەم پرۆسەی ئۆپەراسیۆنە هەر لەسەر داوای ئەوانیش دامەزراوەو بۆیە پشتگیری لە مالیکی دەکەن لەو مەسەلەیەدا، ئەمە خاڵێکە کە مالیکی کاری بۆ کردووە تا ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ نەکات، بە ڕاستی دەرئەنجامی ئەمە زۆر ترسناکە، چونکە هەردوو لا ڕۆژ دوای ڕۆژ هێز کۆدەکەنەوەو زیاتر ئەو هێزانەی کە بەرانبەر یەکتر ڕاگیراون لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، بە دڵنیایی ئەگەر ئەمە وا بڕوات ئەگەری تەقینەوەیەکی خراپی لێ دەکرێت، هیوادارم ئەو تەقینەوەیە ڕوو نەدات، ئومێدەوارم

**دەرکەوت کە کوردیش یەك دەنگەو بە تەنگ کێشە بنەڕەتیەکانی کە دەستوورین، هاوکوکن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو مانۆڕانەی مالیکی دەیکات**



## ـــــەكان كۆبكاتەوە

بتوانرێت بە حیكمەتی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی كۆمار چارەسەرێك بدۆزنەوەو لەم وەختەدا ڕێگە بە مالیكی نەدەن و شتێك بقەومێنێ، بەكاری بهێنێت بۆ سوودی خۆی، ئەوەندەی ئاگادارین خودی خۆی ئەم دۆخەی دروست كردووە بۆ ئەوەی بیقۆزێتەوە تا بیكاتە هۆیەك بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەو بۆ خۆ پاڵاوتنی خۆی و وەدەستخستنی دەنگی زیاتر ئەمە لە لایەكەوەو لە لایەكی ترەوە ئامانجەكەی مالیكی زیاتر بەرانبەر هەموو كوردو هەرێمی كوردستانە تا عەرەبە شۆڤینیەكانی ناوچەكە بە لای خۆیدا ڕابكێشێت و هەستی شۆڤێنێتییان زیاتر بكات لە دژی كوردستان، واتە نیازیەتی بەم گرژییەی كە لەگەڵ كورددا دروستی كردووە هەرچی كۆنە بەعسیەكان و عارەبە شۆڤینیەكانی ئەو ناوچانەیە لە دەوری خۆی كۆبكاتەوەو بۆ مەرام و مەبەستی شەخسی بەكاریان بهێنێت وبەو ئومێدەشی لە مانگی نیسانی داهاتوو كە هەڵبژاردنی پارێزگاكان ئەنجام دەدرێت ئەو هێزانە بەو ئاڕاستەیە بجووڵێنێت كە خۆی مەبەستی دەبێت، تا دەنگی زیاتر بۆ خۆی مسۆگەر بكات..

*** هەست دەكرێت ئەمجارە زیاتر لە جارانی تر پەرلەمان لە ئاست ڕەفتارو كردەوەكانی سەرۆك وەزیران دەستەوەستانن و هیچیان پێ ناكرێت، هەندێك دەڵێن پەنا دەبرێتە بەر دادگای فیدراڵی ئایا پەرلەمان هێندە بێ دەسەڵات بووە لە ئاست دەسەڵاتەكانی سەرۆك وەزیران هیچی پێ نەكرێت؟**

- بە حەقیقەت حەز دەكەم ڕاستییەك هەیە وەك خۆی بیخەمە پێش دیدو بیری خوێنەران، لە پەرلەماندا كەمینەیەكی كوردی تێدا هەیە كە ژمارەیەكی كەمە لە ئیئتیلافە كوردستانیەكان پێكدێن، كە نزیكەی ٥٨ ئەندام پەرلەمانن، بەم ژمارەیەوە ناتوانرێت كاریگەریت هەبێت لەسەر ٣٢٥ ئەندام لە پەرلەماندا، ئەمە ناكرێت، چونكە بە ڕاستی كە دۆز و كێشەی بنەڕەتی دێتە پێشەوە، حەز دەكەین خەڵكی باش ئەوەش بزانن هەموو فراكسیۆنە كوردستانیەكان یەكن و كێشەو ناكۆكیەكانی خۆیان دەنێنە ئەولاوە لە پێناوی سەرخستنی دۆزە سەرەكییەكانی كورد، لەم بارەیەوە برادەرانی خۆمان بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەكانەوە بوونەتە یەك دەنگ و هەوڵ دەدرێت بۆ هەر مەسەلەیەكی چارەنووسساز یەكدەنگ و یەك ڕا بین لە ناو هۆڵی پەرلەمان، پێكیشەوە

**ئامانجەكەی مالیكی زیاتر بەرانبەر هەموو كوردو هەرێمی كوردستانە تا عەرەبە شۆڤینیەكانی ناوچەكە بە لای خۆیدا ڕابكێشێت و هەستی شۆڤێنێتییان زیاتر بكات لە دژی كوردستان**

**باش ئاگاداری ئەوەیشین كە عەرەب بە زۆربەی زۆری كوتلەكانیانەوە كۆك و تەبان لەسەر بەربەرەكانی و دژایەتیكردنی ئامانجەكانی گەلی كوردستان**

توانیمان بە هەموومان قەناعەت بە كوتلەكان بكەین تا لەگەڵماندا هاودەنگ بن بۆ ئەوەی ئوسامە نوجێفی بهێنین بۆ هەولێر و جەنابی كاك مسعود ببینێت و دواتر بڕواتەوە بۆ بەغداو مالیكی ببینێت و میانگیری بكات لەو نێوانەدا تا چارەسەرێك بۆ ئەم كێشانە بدۆزینەوە، ئێستا خەریكە و بە ئومێدی ئەوەین دەوری خۆی بە باشی ببینێت لەم ڕووەوە باش ئاگاداری ئەوەیشین كە عەرەب بە زۆربەی زۆری كوتلەكانیانەوە كۆك و تەبان لەسەر بەربەرەكانی و دژایەتیكردنی ئامانجەكانی گەلی كوردستان، باشیش بوو كە ئەمجارە یەكڕیزی و یەكدەنگییەك لە ناو هۆڵی پەرلەماندا دروست بوو، دەركەوت كە كوردیش یەك دەنگەو بە تەنگ كێشە بنەڕەتیەكانی كە دەستوورین هاوكوكن بۆ ڕەتكردنەوەی ئەو مانۆڕانەی مالیكی دەیكات..

*** ئێستا سەرۆك كۆمار لە هەڵوێستە نابەجێیەكانی سەرۆك وەزیران نیگەرانە هەروەها چاودێران دەڵێن مالیكی هیچ هەیبەتێكی بۆ پەرلەمان نەهێشتۆتەوەو ئایا ئەو دوو سەرۆكایەتیە دەتوانن چ هەڵوێستێك بەرانبەر بە مالیكی بگرنەبەر؟**

- سەرۆك كۆمارو سەرۆكی پەرلەمانیش ڕەنگە لە هەوڵدابن هەڵوێستێك بەرامبەر مالیكی وەربگرن ئەگەر هەوڵی جددی بدرێت لە ناو پەرلەماندا، هەرچەندە سەرۆكی پەرلەمان كە سەربە لیستی عیراقیەیە ئەو هێزەی نەماوە بتوانێت بە تەنیا فشاری هەبێت و شتێكی وا بكات، بەڵام ئەگەر هەوڵی وا بدرێت ئەوا ئیحتیمالی ئەوەی هەیە كە بە لیستە كوردستانیەكان و لیستی سەدرییەكان وعێراقیە ڕەنگە بتوانرێت سنوورێك دابنرێت بۆ ئەم ڕەفتارە نابەرپرسیارانەی مالیكی، چ بە كێشانەوەی متمانە لێی، ئیتر ئەمە هەوڵێكەو ڕەنگە بخرێتە بواری جدیاتەوەو ئیحتیماله سەربگرێت و مالیكی متمانەی لێ بكێشرێتەوە..



**دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ گولان:**

# مالیکی دەڵێت با بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە بەڵام هەنگاوەکانی ئاماژەن بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە

سەبارەت بەبارگرژی و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی بەغداو دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و هەڵکشانی ئاڵۆزییەکانی نێوان بەغداو هەولێر، بەڕێز دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گولان بەمشێوەیە باسی لەو کۆبوونەوەیە کردو وتی: لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا کە سەرۆك وەزیران نوری مالیکی ئامادەبوو، تیایدا سەرۆك وەزیران سەبارەت بە کێشەکانی ئەم دواییەی ناوچە دابڕێنراوەکان رای خۆی دەربڕی، ئێمەش وەك وەزیرە کوردەکان کە هەموومان یەك هەڵوێستمان هەبوو رای خۆمان دەربڕی و جەختمان لەسەر ئەوەکردەوە دەبێت ئەم بارگرژی و بارودۆخە ئاڵۆزە هێوربکرێتەوەو لە ڕێگای دانوستان و گفتوگۆوە چارەسەری کێشەکان بکرێت نەك لەڕێگای سەربازییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا هەمووان دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە بارگرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی بەغداو حکومەتی هەرێم مەسەلەیەکی نوێ نییە، بەڵکو رەهەندی سیاسی و دەستووری و یاسایی هەیە، هەربۆیە بەراوبۆچوونی من ئەم مەسەلەیە تەنیا لەڕێگای چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەو گفتوگۆوە چارەسەری بۆ دەکرێت. لەلایەن خۆشیەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی ئامادەیی خۆی دەربڕی تاوەکو گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بزانێت چی کەموکوڕی و خیلافێك لەنێوان هەردوولادا هەیە . هەروەها زۆربەی وەزیرەکان لە هەموو لیستەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە ئاڵۆزی و بارگرژییەکان روو لەهەڵکشان بکات، ئەوانەی لەو دانیشتنەش دا قسەیان کرد هەموویان ئارەزووی هێورکردنەوەو راگرتنی هەڵکشانی بارگرژی و ئاڵۆزییەکانیان دەکردو داوای دانوستاندن و گفتوگۆیان دەکرد، هەندێکیان پێشنیاری تریان هەبوو بۆ ئاشتی تەنانەت مالیکیش ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئارەزووی هەڵکشانی بارگرژی و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەو شەڕی نییە، هەربۆیە بەگشتی سەرجەم وەزیرەکان داوایان کرد ئەم کێشەیە لەڕێگای دانوستاندن و گفتوگۆی سیاسیانە چارەسەر بکرێت، تاوەکو هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستان بگەنە دەرئەنجامێکی گونجاو و جێی رەزامەندی هەردوو لایەن)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە ئاراستەی تەنگژە بەوەی ئایا بەرەو هێوربوونەوە دەچێت یان هەڵکشانی زیاتر، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گولان وتی: (ئەوەی من تێبینی دەکەم ململانێیەکەی ئەم دواییەی کە لەناوچە دابڕێنراوەکان لەنێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتۆتەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت نەك هێورکردنەوە، تەنانەت ئەم بارگرژی و هەڵکشانی ململانێیە لەلێدوانەکاندا بەرروونی دەردەکەوێت بەتایبەتی لە لیستی دەوڵەتی یاسا و ئەو لایەنانەی تر کە سەر بەلیستی مالیکین

> **بارگرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی بەغداو حکومەتی هەرێم مەسەلەیەکی نوێ نییە، بەڵکو رەهەندی سیاسی و دەستووری و یاسایی هەیە**


> **ململانێیەکەی ئەم دواییەی کە لەناوچە دابڕێنراوەکان لەنێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتۆتەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت نەك هێورکردنەوە**

> **چارەسەری بارودۆخەکە پێویستی بەدانوستاندنی بەردەوام هەیە و دەبێت ئەمریکاش رۆڵی هەبێت لەراگرتنی بارگرژییەکان، بەپێچەوانەشەوە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ بەدوور نازانم**

کە لێدوانەکانیان توندوتیژی و هەڵکشانی پێوەدیارە، تەنانەت لەسەر ئەرزی واقیعیش جموجوڵەکانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە لای هەمووان ئاشکرایە کە تا ئێستاش هەر بەرەو بارگرژی و کۆکردنەوەی هێز دەچێت و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق رۆڵی لەهەڵکشانی ئەو بارگرژی و ئاڵۆزییە هەیە، بەڵام قەناعەتیشی هەیە کە ئەم هەڵکشان و ئاڵۆزییەو کەوتنەوەی شەڕێك لەناوچەکە لەبەرژەوەندی هیچ لایەك نییە، بەراوبۆچوونی من مەسەلەکە پێوەندی بەکێشەی تائیفی و ناکۆکیەکانی ناوخۆی حکومەتی ناوەندی و بگرە بارودۆخەکەی سوریاو ئاڵۆزییەکانی سەرجەم ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە هەیە، هەربۆیە چارەسەری بارودۆخەکە پێویستی بەدانوستاندنی بەردەوام هەیە و دەبێت ئەمریکاش رۆڵی هەبێت لەراگرتنی بارگرژییەکان، بەپێچەوانەشەوە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ بەدوور نازانم .

سەبارەت بە ئامانجی نوری مالیکی لە هەڵکشانی ئەم تەنگژەیە و مەرامە سیاسیەکانی، دیندار دۆسکی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوەکرد: (مالیکی تا ئێستا بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە لەناوچە دابڕێنراوەکان لەلایەك و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی بەغدا لەلایەکی ترەوە کاری نەکردووە و هیچ هەنگاوێکی نەناوە بەپێچەوانەوە بارگرژییەکان بەرەو هەڵکشانە، تەنانەت ئێستا مالیکی خۆی ئامادە دەکاتەوە تا هێزە سەربازییەکان لەشوێنەکانی دیکە بگوازێتەوە بۆ نزیکی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە بەڕای من تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ هێورکرنەوەی بارودۆخەکە تەنانەت لێدوان و راگەیاندنەکانی توندوتیژییەکانی ئەوانەی سەر بەدەوڵەتی یاسان و جوڵاندنی بەردەوامی هێزە سەربازییەکان ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە)).

**مالیکی تا ئێستا بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە لەناوچە دابڕێنراوەکان لەلایەك و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی بەغدا لەلایەکی ترەوە کاری نەکردووە و هیچ هەنگاوێکی نەناوە**



پەرلەمانتار فاتیح دارئاغایی بۆ گوڵان:

# پەرلەمانی عێراق ئەو سەنگەی نەماوە تا بتوانێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت

فراکسیۆنە کوردستانیەکانی پەرلەمانی عێراق وەك هەوڵێك بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و بەگەڕخستنی توانای پەرلەمان بۆ ئاسایسکردنەوەی بارودۆخەکە بەیاننامەیەکیان ئامادەکردبوو کە لەناو پەرلەمانی عێراقدا بیخوێننەوە، بەڵام خوێندنەوەی ئەم بەیاننامەیە بە بیانووی جیاواز رێگەی پێ نەدرا، سەبارەت بەو بیانووانەی بۆ ئەم مەبەستە هێنراونەوە، پەرلەمانتار فاتح دارا ئاغایی لە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن: (لە ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا راو بۆچوونی زۆربەی کوتلە سەرەکیەکانمان وەرگرت، کە هەر هەموویان رازی بوون بەخوێندنەوەی بەیاننامەکە جگە لەکوتلەی دەوڵەتی یاسا، بەشێوەیەکی گشتی بەیاننامەکە پوخت و هاوسەنگ و دەوڵەمەند بوو، بەڵام قوسەی سوهەیل جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە سەرەتا ئەو لەو کۆبوونەوەکە ئامادەبوو و دواتریش کە ئوسامە نوجیفی سەرۆکی پەرلەمان هات بەپاساوی ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەڕوات بۆ یە رێگریان لەخوێندنەوەی بەیاننامەی فراکسیۆنە کوردستانیەکان کرد)).

هاوکات ئێستا ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەهەوڵی ئەوەدایە کە میانگیری لەنێوان هەرێم و بەغدا بکات، سەبارەت بەم هەوڵە پرسیار ئەوەیە ئایا پەرلەمانی عێراق ئەو توانایەی ماوە بتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دارا ئاغایی وتی: (ئاشکرایە پەرلەمانی عێراق سەنگی ئەوەی نەماوە نێوانگیری بکات لەنێوان لایەنەکان، چونکە پەرلەمان پێکهاتەی لایەنەکانە، بەڵام لەڕووە سیاسییەکەیەوە کە ئوسامە نوجێفی کەسایەتییەکە سەر بەلیستێکی گەورەی وەك لیستی ئەلعێراقییە، پێدەچێت بۆ هێورکردنەوە بارودۆخەکە کاریگەری هەبێت، بەڵام بارودۆخەکە نە بەسەردانی ئوسامە نوجێفی و چەندین سەردانی دیکەش ئاسایی نابێتەوە، بۆیە پێویستە کێشەکان بەشێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکرێن. لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئێستا بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت و پێویستی بەچارەسەری ریشەیی هەیە، ئەم چارەسەرە ریشەییەش تا ئەو ساڵ و نیوەی خولی پەرلەمان تەواو دەبێت بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە، هەڵبژاردنێکی دیکە بڕیار دەدات چارەسەری بارودۆخەکە چۆن دەبێت)).

سەبارەت بەیەکڕیزی و هەڵوێستی یەکگرتووی کورد لە بەغدا، وەك پەرلەمانتارێکی سەر بە کۆمەڵی ئیسلامی پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا ئەوان وەك کۆمەڵی ئیسلامی چۆن سەیری یەکڕیزی نێومالی کورد دەکەن لەم بارودۆخەدا، لەمبارەوەش وتی: (پێشخستنی بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان لەسەروو هەموو تەنگژەو ناتەبایی و نارێکییەکەوە دێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەیە، هەربۆیە ئێمە لەمەسەلەی ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغدا بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان بەسەر هەموو بەرژەوەندییە حزبی و مەزهەبیەکان داناوە، چونکە بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان بەرژەوەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە کە ئامانجی سەرەکی ئێمەیە، بەمەش بەرژەوەندی و ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانەکەشمان پارێزراو دەبێت)).



د.خیروڵڵا حەسەن وەزیری بازرگانی عێراق بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەو هێزانەی جووڵێنراون بکشێنەوە، مانەوەیان باڵانسی هێز تێکدەدات و کورد زەرەر دەکات

هێورکردنەوەی بارودۆخی هەڵکشاوی نێوان هەرێم و بەغدا و پەنابردن بۆ زمانی دیالۆگ، هەموو کات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکراوە، هەربۆیەش کاتێك باس لەوە کرا کە نوری مالیکی ئامادەیە چارەسەری ئەو ئاڵۆزییە بەوە بکرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لەساڵی ٢٠٠٩ کراوە سەبارەت بە ئیدارەی ئەمنی ناوچە دابڕێنراوەکان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو داوایەی ڕەتنەکردەوە و فەرمانیدا وتووێژ لەنێوان سەرکردە سەربازییەکانی هەردوولا دەستی پێبکرێت، بۆ قسەکردن سەبارەت بە چۆنیەتی گەڵاڵە بوونی ئەم پێشنیارە، د.خیروڵڵا حەسەن وەزیری بازرگانی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (شەوی دووشەممەی ڕابردوو(٢٠١٢/١١/١٩) لەگەڵ د.مەجید حەمەدەمین وەزیری تەندروستی عێراق قسەمان لەسەر ئەوەدەکرد لەبەر ئەوەی بەیانی سێشەممە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بارودۆخی ئاڵۆزی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستی بە تاوتوێکردنێکی بە پەلە هەیە، لەم حاڵەتەشدا دەبێت وەك وەزیرەکوردەکانی ناو حکومەت هەڵوێستێکی یەکگرتووەمان هەبێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە بە تەلەفون بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیسمان ئاگادار کردەوە، بەڕێزی پێشنیارەکەمانی پێ باش بوو، هەربۆیە ڕۆژی سێشەممە داوامانکرد ئەم پێشنیارە بخرێتە ناو بەرنامەی کۆبوونەوەکە، لەبەر ئەوەی هەڵکشانی ئاڵۆزییەکان کارێکی مەترسیدارە، بۆ ئەمەش پێشنیارەکە خرایە ناو بەرنامەی کۆبوونەوەکە و دوای چەند باسێك، سەرۆك وەزیران پێی وتین دەتوانن پێشنیارەکەتان باس بکەن، ئێمەش سەرەتا باسمان لەوەکرد ئاکامی شەڕە یەك لەدوایەکەکان چ کارەساتێکیان بۆ ئەم وڵاتە دروستکردووە، ئێستاش شەڕی مەزهەبی چ بارودۆخێکی ناسەقامگیری خولْقاندووە و تەنانەت ناتوانرێت خزمەتگوزارییەکانیش دابین بکەین، دوای ئەمە هاتمە سەر ئەوەی پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران زۆر بەپەلە تاوتوێی ئەو گرژی و ئاڵۆزییە بکات کە لەنێوان هەرێم و بەغدا دروستبووە، دەبێت بە پەلە بڕیارێك لەبارەیەوە بدات، هەروەها باسی ئەوەشمانکرد کە ئەم گرژی و ئاڵۆزییە هۆکارەکەی بۆ جوڵانی هێزی دیجلە دەگەڕێتەوە، دواتر هەریەك لەوەزیرەکانیش ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربڕی، پاشان نوری مالیکی سەرۆك وەزیران ڕوونکردنەوەی خۆی سەبارەت بە هێزەکانی دیجلە دەربڕی و چەند پاساو بیانوویەکی هێنایەوە، ئێمەش ڕەخنە و گلەیی هەرێمی کوردستانمان لەمبارەیەوە خستەڕوو و پێمان ڕاگەیاند کە هەرێمی کوردستانیش چەندین بەڵگە و پێشێلکردنی ناوەندیان لەبەر دەستە، سەرەنجام لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك وەزیران وتی: (پێشنیار دەکەم بگەڕێینەوە سەر لیژنەی هاوبەشی هەماهەنگی بەڕێوەبردنی ناوچەی جێناکۆکیەکان تەنیا لەڕووی ئەمنیەوە..)، بۆ ئەمەش ئێمە نەمان وت ڕازین، بەڵکو ئامادەییمان دەربڕی بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی سەرۆك وەزیران بۆ هەرێمی کوردستان بگوازینەوە، پێشنیار کرا دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس پێشنیارەکە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ببات، بەڵام بۆبەیانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکتریان بینی بوو پێشنیارەکەیان بەوشێوەیە لێکرد کە نامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ببرێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.))

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا و سەبارەت بەو پێشنیارە بەوەی تاچەند ئەم پێشنیارە دەبێتە هۆکارێك بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، د.خیروڵڵا وتی: (بەبۆچوونی من پێشنیاری یەکەمیان تا ڕادەیەك باشە کە بەڕێوەبردنی مەلەفی ئەمنی (نەك بەڕێوەبردنی پارێزگاو قەزاکانی) ناوچە جێناکۆکەکان هاوبەش بێت، هاوکات ئەو هێزانەی لەلایەن عێراقەوە نێردراوە بکشێنرێنەوەو دوای ئاساییکردنەوەی ئەو شوێنانە وەکو ٢٠٠٣ چونکە ئیدارەکردنی مەلەفی ئەمنی بەمانەوەی ئەو هێزانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی باڵانسی هێز لەو ناوچانەدا بەتەواوەتی تێك دەچێت، چونکە لای هەموان ئاشکرایە بوونی هێزی دیجلەو هێزەکانی تری سوپا لەم ناوچانەدا بۆ پاراستنی ئەم ناوچانە نییە، بەڵکو کردارێکی سیاسییە تاوەکو لەڕێگای هێزەوەو لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان باڵانسی نفووزی کورد لەم شوێنانەدا بگۆڕن و تێکی بدەن، لەم قۆناغەدا کورد دەبێت زۆر وریا بێت و ئاگاداری ئەوە بێت ئەم هێزانە لەناوەڕۆکدا بۆ کەمکردنەوەی نەهێشتنی دەسەڵاتی کوردستانییە لەم ناوچانەدا)).

سەبارەت بەهەوڵەکانی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەو بەستنی کۆبوونەوەیەکی نیشتمانی، وەزیری بازرگانی عێراق وتی: ((هەوڵەکانی سەرۆك کۆمار لەپێناو ڕاگرتنی بارودۆخی عێراقە و لەلایەن هەموو لایەنەکانیشەوە بەپیرۆزی هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام کاتێك دەچێتە سەر کردار زۆر لە لایەنەکانی ناو عێراق ڕازی نین لەگەڵ یەکتر کۆببنەوەو گفتوگۆ بکەن، چونکە ئەو لایەنانە تەنیا مەبەستی تێکشکاندنی یەکتریان هەیە)).



ئەسما حوسەینی ـ قاهیرە

# میسر لە دووڕیانی تەقینەوەدا

ئەو راگەیاندنە دەستوورییەی محەمەد مورسی سەرۆکی میسر رۆژی پێنج شەممەی رابردوو کاردانەوەی تووڕەیی لەلای زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی میسر و توێژەفراوانەکانی شەقامی میسری لێکەوتەوە، رۆژی هەینیش ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بە ناوی (هەینی تووڕەیی و ئاگادارکردنەوە) رژانە گۆڕەپانی تەحریر، لە کاتێکدا لایەنگرانی ئیخوان موسلمین لەبەردەم کۆشکی ئیتحادیە لە میسری نوێ کۆبوونەوە بۆ گوزارشت لە پشتگیری کردنی بڕیارەکانی مورسی، کە لە وتارێکدا لەو شوێنە خوێندییەوە تێیدا دووپاتی کردەوە کە بەردەوامە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی، کە بوونە مایەی کۆکبوونی هەموو نەیارانی بە یەکدەنگ، وەك گازاندەیەك بەرامبەر هەوڵەکانی بە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆی و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت، بارودۆخەکە بە شێوەیەك کەوتەوە کە لە هەندێ پارێزگا پێکدادان لەنێوان هەردوولا بێتەئاراوەو چەندین بارەگای ئیخوانیش ئاگریان تێبەردرا.

ئەو دوو خۆپیشاندانە گەورەیەی رۆژی هەینی رابردوو لە گۆڕەپانی تەحریر و میسری نوێ سازکران رەنگدانەوەی بارودۆخی میسر بوون کە بە سەر چەند لایەك دابەش بووە،هوتافە شۆڕشگێڕەکان گەڕایەوە گۆڕەپانی تەحریر، پڕبەدەم هاواریان دەکرد «میللەت رووخانی رژێمی دەوێت» لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی مورسی هوتافیان دەکێشا «میللەت پشتگیری لەبڕیارەکانی سەرۆك دەکات» نەیارانی مورسی دەڵێن چەند ڕۆژێك مۆڵەتی پێدەدەن تا ئەو راگەیاندنامەیەی بکێشێتەوە

**گەلی میسر و هێزە کاراکانی لەو باوەڕەدا نەبوون کە مورسی دەوڵەتی میسر و هەر سێ دەسەڵات لەکەسایتی خۆیدا کۆدەکاتەوەو ڕێگە خۆش دەکات بۆ حوکمکردنی میسر بە ئەحکامی عورفی و حاڵەتی ئامادەباشی خۆش دەکات کەشۆڕشی ینایەر لە پێناو هەڵوەشاندنەوەیان بەرپابوو**

کە بە «نادەستوور» وەسفی دەکەن لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی دامەزراندنی دەستوور کە بەگوتەی ئەوان گوزارشت لە هەموو توێژەکانی گەلی میسر ناکات.

مورسی لە وتارەکەیدا بە لایەنگرانی گوت: بڕیارەکانی لە پێناو پاراستنی نیشتمان و گەل و شۆڕشن،ئەو هەوڵیش دەدات سەقامگیریی سیاسی وئابووری بێنێتەدی، ئەم بڕیارانەشی دژی هیچ کەس نین، بەڵام ئەو دڵنەواییانە قەناعەتی بە توێژە فراوانەکانی میسر نەهێنا کە مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر خودی دەوڵەت.

سەرکردایەتییە دیارەکانی میسر بە کۆی دەنگ ئەو راگەیاندننامە دەستوورییەیان رەتکردەوە لە بەر ئەو سیاسەتە شاردراوەیەی ئیخوان موسلمین، هێزەنیشتمانییەکان کە هاوپەیمانیی نیشتمانی میسریان لێ پێکدێت بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە بڕیارەکانی مورسیان تێدا رەتکردەوە، ئەو راگەیاندننامە دەستوورییەیان بە کودەتاییەك بۆ سەر شەرعییەت لە قەڵەم دا.

بەیاننامەکە دووپاتی کردەوە کە ئەمە دەبێتە

هۆی ئەوەی کە دیکتاتۆرێك بێتە ئاراوە کە میسر بەخۆیەوە نەدیوە مەگەر لەسەردەمی موبارەك نەبێ، هەروەها مورسی کە دەست بەسەر هەردوودەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا دەگرێت و دەسەڵاتی سێیەم هەڵدەوەشێنێتەوە ئەویش دەسەڵاتی دادوەرییە و بەمەش رۆڵی نامێنێت لە چاودێری کردنی هەردوو دەسەڵاتەکە کە تانە لەهەر بڕیارێك دەدات کە دەربچێت، بەواتای لەداردانی تەواوی سەربەخۆیی دادوەری.

هێزەسیاسییەکان هەروەها لە بەیاننامەکەیاندا روونیان کردەوە گەلی میسر و هێزە کاراکانی لەو باوەڕەدا نەبوون کە مورسی دەوڵەتی میسر و هەر سێ دەسەڵات لەکەسایەتی خۆیدا کۆدەکاتەوەو رێگە خۆش دەکات بۆ حوکمکردنی میسر بە ئەحکامی عورفی و حاڵەتی ئامادەباشی خۆش دەکات کەشۆڕشی ینایەر لە پێناو هەڵوەشاندنەوەیان بەرپابوو، مورسیش لە باتی ئەوەی وەکو سەرۆکی هەموو میسر رەفتاربکات کە لە سەردەمی لێکترازانی مەترسیداردا دژی دەبوایە بەتەنیا خۆی چارەسەری بۆ ئەم لایە دابنایە و بەنزینی بەئاگردا نەکردایە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی میسر بەرەو ترازان دەبات.

هەرەها ئاماژە بەوەدەکات کە مورسی بێتوانا بوو لە تۆڵەسەندنەوە بۆ شەهیدانمان و یاسایەکی بۆ دادوەری دەرنەکرد واتا فێڵ لە دەسەڵاتی دادوەری دەکات. ئەو هێزە نیشتمانییانەی کە بەیاننامەکەیان ئیمزاکردووە یەکەم شت داوایان کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕاگەیاندنە دەستوورییە نارەوایە،دووپاتیشیان کردەوە کە شەرعیەتی مورسی ئێستا لە رووی شۆڕشگێڕی ومیللی و دەستوورییەوە بەکۆتا هاتووە ئەگەر لەم بڕیارە نابەجێیانەی پاشگەزنەبێتەوە.دووەم هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن کە لەلایەن کرێکارانی میسر و جووتیاران وئافرەتان و مەسیحیی و رۆشنبیرانەوە رەتکراوەتەوە، چونکە مەشروعییەتی مۆرالی و سیاسی لەدەستداوە، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ دیالۆگی نیشتمانی بۆ رێککەوتن لەسەر بنەماو پێوەر ومیکانیزمی نیشتمانی بۆ بیناکردنی کۆمەڵەیەکی تازەی دامەزراندن کە هەموو رەوت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ بگرێت، کە دەسەڵاتی رەوتی ئیسلامی سیاسی کۆنترۆڵی کردووە.

سێیەم: دەرکردنی یاسایەك بۆ دادوەری گواستنەوە کە تۆڵە بۆ شەهیدان بکاتەوە کە پەرلەمانی هەڵوەشاوە و حکومەتە شکستخواردووەکە تا ئێستا مافی بۆ نەگەڕاندوونەتەوە.

**ئەو دوو خۆپیشاندانە گەورەیەی رۆژی هەینی رابردوو لە گۆڕەپانی تەحریر و میسری نوێ سازکران رەنگدانەوەی بارودۆخی میسر بوون.هوتافە شۆڕشگێڕەکان گەڕانەوە گۆڕەپانی تەحریر. پڕبەدەم هاواریان دەکرد «میللەت رووخانی رژێمی دەوێت» لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی مورسی هوتافیان دەکێشا «میللەت پشتگیری لەبڕیارەکانی سەرۆك دەکات»**

چوارەم: بانگەوازی هاوپەیمانیی نیشتمانی میسر بۆ جەماوەری گەلەکەمان بۆ ئەوەی رۆژی هەینی بیست و سێی نۆڤەمبەر بە ملیۆن کەس بڕژێنە گۆڕەپانی تەحریر بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەم راگەیاندننامە دەستوورییەو گوشارکردن بۆ دەرکردنی یاسای دادوەریی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن.

چالاکوان نوارە نەجم ئەم بڕیارانەی بە لەباردنی شۆڕش و قایم کردنی پێگەی سەرۆك وتاقمەکەی وەسفکرد،دکتۆر یەحیا ئەلجەمەل گوتی: من سەرسام بووم بەو بڕیارانە کە بە رووخێنەری دەوڵەت دەژمێردرێت و رۆژانی «حاکم بەفەرمانی خوا» دەگەڕێنێتەوە، دکتۆر محەمەد بەرادعی سەرۆکی حزبی دەستوور گوتی: بڕیارەکانی مورسی چەمکی دەوڵەت وشەرعییەت دەکوژێت و شۆڕشی میسریش تا کاتێکی نادیار لەبارچوو، بەڵام عەمرو موسا گوتی: ئەم بڕیارانە میسر دەباتە قۆناغێکی جیاواز ئەویش نەك قۆناغی دیموکراسییەت یان سەروەریی یاسا کە هەمووومان ئاواتمان بۆ دەخواست، هەرچی حەمدین سوباحی سەرکردەی دیاری ناسرییە دەڵێت: ئەمە کودەتایە لەسەر دیموکراسییەت و پاوانکردنی تەواوی دەسەڵاتە، سەرکردەی ئیسلامییش دکتۆر عەبدولمنعم ئەبو لفتوح دەڵێت: شۆڕش دژی حوکمی رەهای تاکەکەسی بەرپابوو و بڕیارەکانی مورسیش داوایەکی شۆڕشگێڕانەی بەنێوکۆمەڵێك بڕیاری ستەمئامێز تێپەڕاند کە بە واتای شکستهێنانی شۆڕشە، عەمروخالدی بانگخوازی ئیسلامی پێی وایە کە لەوباوەڕەدا نەبوو ئەم بڕیارانە لە سەرۆکی میسرەوە دەربچن



گوتیشی خۆی و حزبە تازەکەی بەشداری لە خۆپیشاندانندا دەکەن.


هونەرمەند شریهان نامەیەکی ئاراستەی سەرۆك کرد و کۆمێنتی لەسەر ئەو بڕیارانەداوە کەتێیدا دەڵێت «هەموو پێشبینییەکانمانت بەو بڕیارانەت بەلاداخست، کاتێشت بۆ کەمکردینەوەو ویژدانمانت ئاسوودە کردو بە دەستی خۆت دەمامکی قەڵپت لەسەر خۆت داماڵی».




کەچی دکتۆرە باکینام ئەلشەرقاوی یاریدەری سەرۆك داکۆکی لەو بڕیارانە دەکات و دەڵێت:ئەو بڕیارانە گوزارشت لە هیواو خواستەکانی گەل دەکات،دووپاتیشی کردەوە کە دوورخستنەوەی جێگری گشـــتی لە پۆستەکەی بەپێی چەند دەسەڵاتێك هاتووە کە یاسا و دەستوور ڕێگەی پێـــداوەو راســـتن و جێگەی گومـــان نین. بۆیـــە ئەو بڕیارانەی ئەم دواییەی ســـەرۆك خســـتنیە نێو گێژاوێکەوە،تەنانەت میسریشی خســـتە دووڕیانێکی راســـتەقینە و وڵاتیشی کردە دوو بەشـــەوە،ئیخوان و هاوپەیمانەکانی لـــە بەرەیەك دانا و ئەوانەشـــی کە دژایەتی دەکەن لە بەرەکەی دیکە،وڵاتیش کەوتە سەر لێواری گڕکانێکـــی کوڵاوەوە،هەر لایەکیش نایەوێت لە بڕیارەکانی پاشگەزبێتەوە،وا دیارە مشـــتومڕ نەك هەر لە دەزگاکانی راگەیاندن بـــەردەوام دەبێت کە رۆڵێکی ســـەرەکی بینی لـــە بەڕێوەبردنـــی هەڵوێســـتەکە،بەڵکو لە گۆڕەپانەکانی میسریشدا،ئایا سەرکردایەتییە نوخبەکانی میسر دەتوانن لەسەر چارەسەرێکی میانـــڕەو و مامناوەنـــدی ڕێکبکەون کە ئەم بارودۆخـــە قەیراناوییـــە رزگاربـــکات، بان هەردوولا سووردەبن لەسەر بەردەوام ڕژانە نێو گۆڕەپانەکانەوە.

# ئەوەی رابردووی نەخوێندبێتەوە.. درک بەئێستا ناکات وئاییندەش دەدۆڕێنێ

کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی



زۆربەی خەڵکی عیراق وردەوردە لەو راستییانە دەگەن کە سەرنجی هەمووان رادەکێشێت و تا ئێستاش ئاستەنگن لەبەردەم پێشکەوتن و بنیادنانی عیراقی نوێدا، ئەمانەش بە گشتی دیاردەی نەخوازراون وپێویستە بگۆڕدرێن.

ژمارەیەکی کەم لە سیاسەتمەدارانی عیراق رابردوویان خوێندۆتەوەو پەندیان لێوەرگرتووە بەرلەوەی بخزێنە نێو ململانێی ژیانی سیاسی،چونکە زۆرینەی ئەوانەیشی کە لەسەر کورسی حوکم دانیشتوون بەهیچ شێوەیەك مێژووی عیراقیان نەخوێندۆتەوەو پەندی گرانبەهایان لێوەرنەگرتووە،کە دەرئەنجامی مەینەتی ومالوێرانی و کارەساتی زۆر هاتۆتە ئاراوە،هەروەها زۆربەی ئەو عیراقییانەی دێنە نێو جیهانی سیاسەتەوە تا ئێستا لەهەرەتی لاویدان یاخود بەتەمەن بچووکن دیارە ئەمەش بەهۆی واقیعی ئاڵۆزی عیراقەوەیە،بۆیە توێژەران دەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەم دیاردەیە بکەن هەر لەسەرەتای حوکمڕانی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٢١-ەوە تاکو ئێستا.

لەهەمان کاتیشدا کەمێك لە سیاسەتمەدارانی عیراق بڕوایان بەگەلی عیراق و وزەو توانا خوڵقێنەرەکانیان هەیە لە کەشێکی ئازادی و دیموکراسییدا مرۆڤ خاوەنی مافی ڕەوای خۆی بێت،هەروەها زۆربەی سیاسەتمەداران بە تایبەتیش باڵادەستانی حوکمڕان بڕوایان بە گەل نییە تەنیا خۆیان بە گەورەو لێهاتوو دەزانن و وەك تاکە سەرکردە وهەڵگری پەیامی سەرکردایەتیی کردنی ئەم گەلە بەرەو سەرکەوتن لەخۆیان دەڕوانن!کاتێکیش ئەم بیرۆکەیە سواری سەری سیاسەتمەدار دەبێت یەکسەر لە رەفتارو هەڵسوکەوتیدا رەنگ دەداتەوە و بەرەو هەڵدێر پێ دەنێت و وڵاتیش بەرەو کارەسات وشەڕو کاولکاری کێش دەکات،بێ ئەوەی رێگە بەگەل بدات راو بۆچوونی خۆی سەبارەت پێشهاتەکانی وڵات بخاتەڕوو.

کەمیش لەو سیاسەتمەدارانەی عیراق کەدەزانن راستییان لا نییەو مافی تەواویشیان نییە،لەکاتێکدا زۆربەی زۆری حوکمڕانانی عیراق، پێشان و لە ئێستاشدا خۆیان بەخاوەن ئەو راستییەو مافانە دەزانن بێ ئەوەی بهێڵن کەسانی دیکە لە بیرکردنەوەدا بەشدارییان لەگەڵدا بکەن.هەروەها کەمێك لەو سیاسەتمەدارانەی عیراق زەینێکی ئەوتۆیان هەیە کە رووداوەکانی رابردوو لە بیرنەکەن و پەندیان بۆ ژیانی سیاسیی ئێستایان لێوەربگرن،بەڵام زۆربەی زۆریشیان زەینێکی بچووك و کورتبڕیان هەیە کە لە ئاست ئەنجام و رووداوەکاندا بن.

کەمێکیش لەو سیاسەتمەدارانەی عیراق دەزانن کە هیچ نازانن و ناشتوانن هەموو شتێك بزانن لەم جیهانە تێك ئاڵۆزو دژوارەداو هیچ شارەزاییان لەزانیاری و زانستی رۆژانەدا نییە، لەکاتێکدا زۆربەی زۆریشیان لەو بڕوایەدان کە هەمووزانیاری و شارەزاییەکیان لایە و پێویستییان بەکەس نییە تا یارمەتییان بدات یان راوێژیان پێشکەش بکەن لە

> **ژمارەیەکی کەم لە سیاسەتمەدارانی عیراق رابردوویان خوێندۆتەوەو پەندیان لێوەرگرتووە بەر لەوەی بخزێنە نێو ململانێی ژیانی سیاسییەوە،چونکە زۆرینەی ئەوانەیشی کە لەسەر کورسی حوکم دانیشتوون بەهیچ شێوەیەک مێژووی عیراقیان نەخوێندۆتەوە**

هەموو بوارو پسپۆرییەکدا.تەنانەت هەتا ئەگەر پشت بە شارەزاو راوێژکارانیش ببەستن ئەمەیان تەنیا بۆ خۆڵ لەچاوکردنە،چونکەپێوەندیی نێوان فەرمانڕەواو ئەو شارەزایانە بە شێوەیەکە کە هەرچیان پێڕابگەیەنن وەك ئەوە وایە لەم گوێیە بێتە ژوورەوەو لەوەکەی دیکە بچێتە دەرەوە.

کەمێکیش لەو سیاسەتمەدارانەی عیراق قەناعەتی تەواویان هەیە کە پیادەکردنی شێوازەکانی توندوتیژی و کوشتارو شەڕوشۆڕ کێشەکان چارەسەرناکات بەڵکو ئاڵۆزتریان دەکات،هەروەها بێ فیزو لەخۆبایین وەدەتوانن کورسی حوکمڕانی جێبێڵن کاتێك دەزانن کە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتیان نییە،بەڵام زۆربەیان وردە وردە بەرەو تاکڕەوی وستەم و زۆرداری هەنگاودەنێن و لە بەڵێنەکانیان پاشگەزدەبنەوە کە بەر لەهاتنیان بۆ حوکم بەگەلەکەیان دابوو، بەمەش رق و کینەو نارەزایی گەلیان بەرڕوودا دەکرێتەوە.

ئەم راستییە تاڵانە پێشترو ئێستاشی لەگەڵدا بێت،سیمای جیاکەرەوەی زۆربەی زۆری حوکمڕانانی عیراق و بژاردەی سیاسییە کە هۆکارگەلێکی ئاشکرایە لەو کارەسات و مەینەتییەی وڵاتی بەرەو مردن و کاولکاری وزیانی مرۆیی و ماددی وشارستانی پەلکێشکرد، مێژووی تازەی عیراقیش لەوەتەی دەستپێکردنی حوکمڕانیی نیشتمانی تا ئەم سەردەمە جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەمڕۆش لە نێو رووداوێکی لەم شێوەیەدا گوزەردەکەین کە دەیسەلمێنێت حوکمڕانان پەندیان لە تاقیکردنەوەکانی رابردوو وەرنەگرتووە و تا ئێستاش خەریکی بەکارهێنانی هێزن بۆ چەسپاندنی حوکمەکەیان بێ ئەوەی پەنابەرن بۆ بەکارهێنانی شارەزایی کەڵەکەبووی سیاسی لەعیراقدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاریشەکان،دەشتوانین کێشەی کورد بەنموونە بێنینەوە لە رەفتارکردنی سیاسەتمەدارانی عیراق بێ گەڕانەوە بۆ تاقیکردنەوەکانی رابردوویەکی نزیك، هەرلەسەرەتای حوکمی نیشتمانی، حوکمڕانانی بەغدا پابەند نەبوون بەوەی لەکۆمەڵەی گەلان لەسەری رێککەوتبوون بە هەڵسوکەوتی شۆڤینییان سەبارەت هەموو کێشەکان کە لە نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان مەلیك فەیسەڵی یەکەم وحکومەتی عیراق لەلایەك

و لەنێوان کۆمەڵەی گەلان بڕیاریان لەسەردرابوو. ئەمەش ناکۆکی وگرفتی لێکەوتەوەو دەرئەنجام گەلی کورد داوای مافی ڕەوای خۆی کرد،بۆیە لەجیاتی بەکارهێنانی عەقڵ لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق پەنایان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی وهێزی سەربازی برد بۆ لەناوبردنی بزووتنەوە میللی وچەکداری و ئازادیخوازەکانی گەلی کورد، ئەو حکومەتانە نەیانتوانی چۆك بە گەلی کورد دابدەن و هەمیشە کوردیش ئازایانە لەخەباتی خۆی دژی حوکمی پاشایەتی تا ڕووخانی، شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی عیراق بەردەوام بوو.

لەکاتێکدا سەرکردەی شۆڕشی تەمموز عەبدولکەریم قاسم عەقڵانییەت و بەتەنگەوەهاتنی تەواوی پەیڕەونەکرد بۆیە ڕووبەڕووی داخوازییەکانی گەلی کورد بووەوەو جڵەوی حوکمی لەدەست دا دوای ئەوەی کە تاقمی بەعسی فاشی و حەرەس قەومی بەهاوکاریی ژمارەیەك لە دوژمنانی قاسم ڕووخاندیان.ئەوانە حوکمی نەتەوەپەرستییان پیادەکرد بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف و بەرەوڕووی

**کەمێک لە سیاسەتمەدارانی عیراق بڕوایان بەگەلی عیراق و وزەو توانا خوڵقێنەرەکانیان هەیە،هەروەها زۆربەی سیاسەتمەداران بە تایبەتیش باڵادەستانی حوکمڕان، بڕوایان بە گەل نییە تەنیا خۆیان بە گەورەو لێهاتوو دەزانن**

داخوازییەکانی کورد بوونەوە، تادواتر لەسەر دەستی نەیارانی نەتەوەپەرستان کۆتایی بەحوکمیان هات،بەڵام عەبدولڕەحمان عارف نەیتوانی کێشەکە چارەسەربکات بەهۆی هەڵوێستی لایەنگرانەی ئەوانەی کە پشتگیریان دەکرد لەپیادەکردنی حوکمی فیعلی لە نەتەوەخوازە ناسرییەکان.کاتێك بەعسییەکان بۆجاری دووەم هاتنەوەسەر حوکم و لەژێر فشاری واقعدا دانیان بەئۆتۆنۆمیدا نا،بەڵام بەهەموو شێوازێك لەباریان برد و شەڕیان دژی گەلی کورد وسەرجەم عیراق بەرپاکرد،کۆتایی ڕژێم و فەرمانڕەوا ستەمکارەکەشی زبڵدانی مێژوو بوو، گەلی کوردی دۆستیش هەر بەسەربەرزی لەسەر خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی بەردەوام بوو. ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە:ئایا سەرۆکی حکومەتی عیراق لەبەغدا شتێك لە ڕابردوو فێربووە یان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دووردەکەوێتەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکە بە عەقڵێکی کراوەو هۆشیار دوور لە بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەی چەك؟بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە ئەم پیاوە هیچ پەندێکی لە ڕابردوو وەرنەگرتووە نە لە کێشەی گەلی کورد و نە لە حوکمڕانی بە شێوەیەکی گشتی،بەمەش وڵات بەرەوماڵوێرانی و کارەساتی تازە دەبات کە هەمووان دەگرێتەوە. بەو مانایە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی و ئەندامی هاوپەیمانی نیشتمانی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی کە سیاسەتمەدارێکی داناو لێهاتووە بە ڕۆژنامەی (المدی)ی گوتووە: (( شێوازی بەغدا لەبەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ هەولێردا زۆر مەترسیدارە و گرانیش دەوەستێت و ڕووداوەکانی ڕابردوومان لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشوو بەبیر دێنێتەوە)).

ئەوەی ئاگای لە سیاسەتی سەرۆکی حکومەتی عیراق هەبێت لەهەموو بوارو کایەکاندا بۆی دەردەکەوێت کە ئەم کابرایە نایەوێت تەنیا بەهەر نرخێك بێت لە حوکمدا بمێنێتەوەو بەس، بەڵکو گەرەکیەتی وڵات تووشی شەڕێکی دژوار بکات لەگەڵ گەلی کورددا، ئەو بەتەنیا ئەم سیاسەتە پیادەناکات، بەڵکو ڕۆڵ، بەسەر یاریدەدەرانی لە حزبی دەعوەو لیستی دەوڵەتی یاسا ئەندام لەئەنجومەنی نوێنەران، دابەش دەکات.ئەو تەنیا بە ناکۆکی نەوەستا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم،بەڵکو خزمەتکارو نۆکەرەکانیشی بەرەو ڕووی سەرۆك کۆمار کردەوە کە تا دوێنێ لەلایەن لیستی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە بە دڵسۆزێکی جیددی لەقەڵەم دەدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتیانەو دیالۆگ.

ئەو ئاراستە چەوتەی سەرۆکی حکومەتی بەغدا بۆ خۆپڕچەککردن لەوەدا نییە کە گوایە ترسی لە هێرشی وڵاتانی دراوسێی عیراق هەیە،چونکە عیراق لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی ئەمنی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ترسی لەوەدا نییە. هەروەها هەر چەند چەك بکڕێت بەتەنیا ناتوانێت بەرامبەر هێرشی تورکیا یان ئێران بوەستێت ئەگەر ڕوویدا،پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکان بمانەوێ یان نەمانەوێ ئەم لایەنەدەستەبەر دەکات،ئەو چەکانەی ڕژێم دەیەوێت لەڕووسیا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە بیانکڕێت لە ڕاستیدا بۆ ناوخۆ بەکاریان دەهێنێت،بەڵام دژی تیرۆری ناوخۆ نا،بەڵکو هەروەکو ڕووداوەکانی ئێستا ئاماژەی پێ دەکەن، هەوڵدانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا و بۆ ئەگەری شەڕێکی تازە لەگەڵ گەلی کورددا،ئەمەش کێشەیەکی گەورەیەو وڵات بەرەو پێشبڕکێی چەك دەبات لە نێوان هەردوو حکومەتی بەغداو هەرێم، جا ئەگەر ململانێی سەربازی ڕوویدا، ئەوا ئەنجامە نەرێنییەکانی بۆ هەمووان دەبێت و عیراق دەگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم کە سەدام حوسێن عیراقی لەوەتەی ساڵی ١٩٧٥/١٩٧٤ ی خستە هەڵوێست وەرگرتن لەئاست کێشەی کورددا.

ئامانجی سەرەکیی سەرۆك وەزیرانی عیراق لە ئاڵۆزکردنی ململانێ دژی گەلی کورد لەکوردستانی عیراق لە دابینکردنی ئەمانەدا کورت دەکەینەوە:

١- وروژاندنی هەستی نەتەوەیی لای عەرەبی عیراق و دەوڵەتانی عەرەبی، هەروەکو چۆن سەدام حوسێن پیادەی دەکرد،بەتایبەتیش لە ڕیز هێزە نەتەوەخوازو بەعسییەکاندا تاکو بێن هاوپەیمانی لەگەڵدا بکەن،نەخاسما ئەفسەرانی پێشووی عیراق لەو بەعسیانەی کەهەوڵ دەدات بیانگەڕێنێتەوە ناو سوپا.

٢- وروژاندنی هەستی شیعە دژی کورد چونکە ئەوان سوننەن و هاوپەیمانێتیش لەگەڵیاندا پێویست بوو، بەڵام لەقۆناغی ئێستادا پێویست نییە،هەروەها بانگەشە بۆ کۆتایی هێنان بە هاوپەیمانێتیی کورد-شیعە کە کورد هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە بەبێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بە پیریەوەبێت.

٣- درزخستنە نێو ڕیزی لیستی ئەلعێراقیە لەمیانی ڕاکێشانی هەندێکیان کە هاوکاری لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا بکەن بەهەندێ پلەو پایەو سامان بۆ وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەر بە کورد، وەکو ئەو نزیکبوونەوەیەی ئەمڕۆی نێوان ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نجێفی لەگەڵ مالکیدا لەئارادایە.

٤- هێشتنەوەی گرژیی بارودۆخە گشتییەکە تاکو نەتوانرێت، قسە لەسەر لێپرسینەوە یان گۆڕانکاریی لە حکومەتدا یاخود ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە

**لەجیاتی بەکارهێنانی عەقڵ لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد، حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عیراق پەنایان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی وهێزی سەربازی برد بۆ لەناوبردنی بزووتنەوە میللی وچەکداری و ئازادیخوازەکانی گەلی کورد**

سایەی ئەم بارودۆخە گرژییەدا بکرێت و بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئێستا تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتوو هەر لە حوکمدا بمێنێتەوە .

٥- سەرۆك وەزیرانی عیراق، ئەمڕۆ لەسەر دووپەت یاری دەکات پەتی تایفەگەری و پەتی نەتەوەخوازی، هەردووکیشیان مایەی شەرمەزارین،چونکە گەلی عیراق زۆر مەینەتیی بەم لایەنانەوە بینیوە لەسەردەمی حوکمی سەددامدا کە شۆڤینیەکی نەتەوەپەرستی تایفی بوو.

ئەوەی لە توزخورماتوو ڕوویدا پێویستە وەك زەنگی مەترسیی ڕاستەوخۆ لێی بڕوانرێت،پێویستە لەسەر هەموو لایەك ناکۆکییەکانی نێوانیان بەرەو هەڵکشان وگرژی نەبەن،هاوکات دەبێ حکومەتی عیراق لێدوانە توندەکانی ڕابگرێت،هەروەها کوردیش نەکەوێتە داوی ئەوانەی دەیانەوێت لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکەن،هەندێك کەس لە ڕیزی حکومەتدان هەوڵ دەدەن کورد پاڵدەن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ تاکو ببێتە پاساوێك لەدەست شۆڤینی وتایەفییەکان ئەوانەی بڕوایان بە حوکمی فیدرالی نییە، بۆ دەستدرێژی کردنە سەر کورد.

## چی بکەین بۆ کوردە بیانییەکان!؟

# کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان مافی خۆیانە لە ئێمە زیاتر لەم هەرێمەدا بمێننەوە

ڕێبوار سیوەیلی *
**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

هەرێمی کوردستان چیی بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، کە ژمارەیەکی بەرچاویان بە ویستی خۆیان و لە خۆشەویستییانەوە بۆ ئەم ئەزموونە هاتوونەتە ئێرەو ژمارەیەکی دیکەشیان بە ناچاری و لە ئەنجامی گوشار و کێشەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە هەتا ئێستاش ژێردەستەیی ڕژێمە بێگانەکانن و ژمارەیەکیشیان وەك گەشتیار و بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادیی، هاتوون.

پێشەکی، دەمەوێت بڵێم کوردی بەشەکانی دیکەی کورستان لە ئێمە زیاتر مافی هاووڵاتیبوون و مافی مەدەنی و مافی تایبەتیی خۆیان هەیە لەم هەرێمەدا بمێننەوە، چونکە لە هەموو ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین، سەرچاوەی چەوساندنەوە، ڕووشکێنی، سەرکوتانەوە، مەحرومییەت و تەنانەت گرتن و زیندان و لە سێدارەدانیشیان بریتییە لە کوردبوونەکەیان، جگە لە هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەوان هەتا کوردبن و لەو وڵاتانەدا بژین کە تێیاندا دەچەوسێنەوە، ئەو وڵاتانە بە نشتیمانی خۆیان نازانن و هەرێمی کوردستان نیشتیمانی یەکەمیانە.



چەمکی نیشتمان لەلای مرۆڤ چەمکێکی هەستەوەریانەی قووڵە و ڕەگوریشەیەکی دەروونی، هەستەکی و هووشیاریانەی هەیە. ڕەنگە زۆر لە کوردی شوێنە جیاوازەکانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی کوردستان هوشیاریی ئەوەیان نەبێت، کە ئەوان کوردن و کوردستان نیشتیمانیانە، هەروەك چۆن زۆر لە کوردستانییەکانیش، هەستی ئەوەیان نییە کە کوردستان وڵاتی ئەوانە. من بیستوومە کابرا بەخۆی دەڵێت (من مەسیحیی خەڵکی زاخۆم و عیراقیم)، لە کاتێکدا هەشمانە دەڵێت (من کوردی مەسیحیم). لە نێوان ئەم دوو گوزارەیەدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دوو جۆر هوشیاریدا هەیە، هوشیارییەك کە شوناسی خۆی ڕەتدەکاتەوە و شوناسێکی نارەسەن بۆخۆی دروستدەکات، لەگەڵ هوشیارییەك کە جەخت لە شوناسی خۆی دەکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیەکانی. ئەمەی دواییان هەمیشە پەسندە، چونکە کوردستان جێگەی جیاوازییەکان دەبێتەوە، بەڵام جێگەی خۆجیاکردنەوە نییە.

من وەها تێگەیشتووم، کە ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە کوردستان نیشتیمانمانە، هەرکات باس لە کێشە نیشتیمانییەکان یان پرۆژەی نیشتیمانی یاخود حکومەتی نیشتیمانی دەکەین، باسی پرۆژە و کێشە و حکومەتێك دەکەین، کە ڕەچاوی پێکهاتەکانی هەرێم و گەلان و کەمینە نەتەوەکانی دەکات. لێرەدا گوزارەی (کوردستان) بە تەنیا مانای وڵاتی کورد ناگرێتەوە، هێندەی ئەوەی ئاماژەیە بە جوگرافیایەك کە پێکهاتە و نەتەوەی دیکەیشی تێدا دەژین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ خۆمان جیابکەینەوە، کوردستان مانایەکی نامێنێت و ئەمەش بریندارکەرە، بەتایبەتی

بۆ ئەوانەی لە پێناوی کوردستاندا خوێنیان بەخشیوە.

کورد هەمیشە لە هەستێکی قووڵەوە وابەستەیی خۆی لەگەڵ خاک و نیشتیماندا دەدۆزێتەوە. نیشتیمان بۆ کورد مانایەکی دیکەی هەیە وەک لەوانەی هەرگیز هەستی لە دەستدانی نیشتیمانیان نەبووە. ئەم هەستەی کورد لەو پەیوەندییە قووڵەی ئەوانەوە دێت لە ئاست لەدەستدان و غیابی نیشتیماندا. سیحری مانەوەی کورد لەناو مێژووی ئەزموونکراویدا، بە هەر شێوازێک کە پەنای بۆ بردبێت و مانەوەی خۆی لە ڕێگەیەوە دابینکردبێت، هەر ئەم هەستەیەتی بەرامبەر بە خاک و نیشتیمان. پەیوەندیی کورد، لە دەرەوەی پەیوەندیی مرۆڤ بە زەوی و موڵکایەتیەوەیە، هێندەی ئەوەی پەیوەندیی مەعنەوی ئەوانە بە شوێنێکی تایبەتەوە.

من نە دژی عەرەب، یان فارس، یان شیعە و سوونەم، نە دژی سەحرا و نە دژی دەریا و نە دژی هیچ شتێک کە کولتووری ئەوانیترم بیر دەهێنێتەوە، بەڵام من خۆم بە عێراقی نازانم لەگەڵ ئەوەشدا حەفتا ساڵ پێش لەدایکبوونی من جوگرافیایەکی سیاسی بە عێراق ناوبراوە و ئایدیۆلۆژیایەک هەبووە، کە ناوەڕۆکی بۆ ئەم عێراقە داتاشیوە. دەشێت ئەم هەستە و ئەم لەخۆتێگەیشتنە، هەست و لەخۆتێگەیشتنی کوردی پارچەکانی دیکەیش بێت کە لەو وڵاتانەدا دەژین سەدان و بگرە هەزاران ساڵە چیرۆکی لەو شێوەیەیان بۆ دادەتاشرێت و بە زۆر و بە خوێن و قڕکردن وەک دەرمانی تاڵ دەکرێت بە گەرووی هاووڵاتیانی کوردی وەک ئێمەدا. نیشتیمان لە چیرۆکدا جوان و خۆشە، بەڵام بەتەنیا چیرۆک ناتوانێت هەستی نیشتیمان لەلای مرۆڤ دروستبکات.

ئەو شتەی زۆری تێدا بێت، لە دواجاردا بەق دەکرێتەوە. بەمجۆرەش هەروەک چۆن عێراقیبوون لەلای من دەرمانێکی تاڵە، ئاواش ئێرانیبوون، تورکیبوون و سوریاییبوون لەو وڵاتانەدا بۆ هاوزمانەکانم دەرمانێکی تاڵە و لە هەلی مێژوویی جیاوازدا بەقی دەکەنەوە. ئەگەرچی قووتدانی ئەم فۆرمانەی شوناس، ئەم دەرمانە تاڵانە بۆی هەیە بێهۆشکەر و بەشێوەیەکی کاتیانە ئارامبەخشی زۆرێک لە هاوزمانەکانیشم بێت، جا بە سەپاندنی بەزۆر، یان لە ناهووشیارییەوە بێت.

لەبەر ئەوە هەرچەندە واقیعی هەرێمی کوردستان لە زۆربواردا هەمان تامی دەرمانە تاڵەکەی هەیە، بەڵام قووتدانی ئاسانە چونکە ئەم تاڵییە ناچێتە جەستەیەکی نامۆوە. لێرەوە، کوردبوون پڕە لە هەدادان و دۆخێکی ڕۆحیانەی عاریفانە و سۆفیانەیە کە بۆ هەموو کوردێک شیاوی قەبووڵکردنە.

هەر لەبەر ئەم پەیوەندییە قووڵەی نێوان کوردبوونی سۆژەی هەستەوەر و خودی هووشیار و کوردستانیبوونی نیشتیمانە، کە بۆ ئێمە و بۆ کوردی پارچەکانی دیکەیش قابیلی پەسەندکردنە.

بەڵام بۆی هەیە هەم هەستکردنی سۆژە بە کوردبوونی خۆی و هەم هەستکردنی ئەم سۆژەیە بە بێ نیشتیمانی، لە ساتەوەختیکدا نا ئومێدانە و هەمان چێژی تاڵیی هەبێت و ژەهراوی عێراقیبوون و تورکیاییبوون و ئێرانیبوون و تاراوگەییبوونمان بیر بخاتەوە. ئەمەش ئەو ساتەوەختەیە کە تێیدا بکەری هەستەوەر بە هەمان شێوەی کە لە وڵاتە بێشوناسکراوەکانی لێوەی هاتوون، لێرەش هەست بە بێشووناسی خۆیان بکەن.

ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە دەبێت تێیدا پرسیار بکەین: ئایا ئێمە چیمان بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، کە لێرە لەگەڵمان دەژین و سەفەر بۆ هەرێمەکەمان دەکەن و بەناچاری، یان بە خواستی خۆیان تێیدا دەمێننەوە؟

مەرج نییە ئەوان هەموویان ببنە (هێمنی موکریانی) و بانگیی (ناڵەی جودایی) بە گوێی جیهاندا بدەن. بەڵام ئەوان لەئێستاشدا هەمان بارودۆخیی دەروونی و هەستی بێشوناسی تێدەپەڕێنن کە هێمن تیایدا دەژیا. ئەوان لە سنوورەکانەوە وەک بیانی و بێگانە، پێشوازییان لێدەکرێت. لە پرسگەکان بە هەمان شێوە ڕادەگیرێن و لە فەرمانگەکانی حکومەتدا وەک بیانی لە ڕیزی بێگانەکاندا سەف دەبەستن و لە شارەکانماندا و لە فرۆشگاکان و لە ناوڕێدا هەمان هەستی خۆبەنامۆبوونیان تێدا دەڕوێت، کە ئێمە جاران لە پرسگە و شارانی نائازاد و فەرمانگەکاندا هەمان بوو.

هەروەک چۆن ئیدی ئێمە ناتوانین لەو هەستەدا بژین و لە کەسی قبووڵ ناکەین بەو چاوە تەماشامان بکات، کە

---

**کوردی بەشەکانی دیکەی کورستان لە ئێمە زیاتر مافی هاوڵاتیبوون و مافی مەدەنی و مافی تایبەتیی خۆیان هەیە لەم هەرێمەدا بمێننەوە، چونکە لە هەموو ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین، سەرچاوەی چەوساندنەوە، مەحرومییەت و تەنانەت گرتن و زیندان و لە سێدارەدانیشیان بریتییە لە کوردبوونەکەیان**

**ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە دەبێت تێیدا پرسیار بکەین: ئایا ئێمە چیمان بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، کە لێرە لەگەڵمان دەژین و سەفەر بۆ هەرێمەکەمان دەکەن و بەناچاری، یان بە خواستی خۆیان تێیدا دەمێننەوە؟**

**چەمکی نیشتمان لەلای مرۆڤ چەمکێکی هەستەوەریانەی قووڵە و ڕەگوڕیشەیەکی دەروونی، هەستەکی و هووشیاریانەی هەیە. ڕەنگە زۆر لە کوردی شوێنە جیاوازەکانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی کوردستان هووشیاریی ئەوەیان نەبێت، کە ئەوان کوردن و کوردستان نیشتیمانیانە**

کوردبوونەکەمان سەرچاوە بوو بۆ ئەویتر تا لێوەی نیگامان بکات، ئاواش بۆ کوردی بەشەکانی دیکە قورسە لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا وەك بیانی تەماشایان بکرێت و کوردبوونیان و هاتنیان لە بەشێکی دیکەی نیشتیمانەوە بکرێتە سەرچاوەی جیاکردنەوەیان. من دەزانم ئەم جیاکردنەوەیە، ئەم جۆرە لە بەخۆنامۆکردن، پلانی شاراوە و مەبەستگەرایانەی هیچ بکەرێك، یان کارمەندێکی ئاسایش، یان پاسەپۆرت و مانەوە، یان دائیرەکانی نیشتەجێبوون و هیچ دانیشتوویەکی ئەم هەرێمە نییە لە ئاستیاندا، بەڵام لێم روونە ئەمە زمانی یاسا و زمانی دەسەڵاتیی هەرێمەکەمانە بۆ لە دوورڕاگرتنی ئەوان و دروستکردنی

**گوزارەی (کوردستان) بە تەنیا مانای وڵاتی کورد ناگرێتەوە، هێندەی ئەوەی ئاماژەیە بە جوگرافیایەک کە پێکهاتە و نەتەوەی دیکەیشی تێدا دەژین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ خۆمان جیابکەینەوە، کوردستان مانایەکی نامێنێت و ئەمەش بریندارکەرە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە پێناوی کوردستاندا خوێنیان بەخشیوە**

مەودایەکی دەروونی لە نێوان هەرێم و پێکهاتەی دانیشتوانیدا. ئەم زمانە زمانێکی مەترسیدارە، چونکە کاریگەریی ترسناکی هەیە بۆ سەر هەستکردنی ئەوان و لەخۆتێگەیشتنیان و دواجار پەیوەندییان بەم هەرێمە و کوردبوونیانەوە.

ئەوە هەر تەنیا ئایدیۆلۆژیای بەرامبەر نییە کە لە ئێمە وێنەیەکی دیکە دروستدەکات، کە ئێمە نین، بەڵکو ئەوەی ئەو وێنەیە بەرجەستە دەکات خۆمانین لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، کە دەبینە شتێکی دیکە لەوەی کە هەین، یان دەبێت هەبین. ئەمەش هەرچەندە دەبێتە هۆکاری بریندارکردنی هەستی ئەوان، بەڵام بەڵگەیشە لەسەر ئەو ناهووشیارییەی کە لەم ساتەوەختەدا چواردەوری کوردبوونی ئێمەی گرتووە. ناهووشیارییەك، کە ڕەنگە زۆر سەرچاوەی جیاوازیی هەبێت، بەڵام ناکرێت لە دەرەوەی خۆمان بێت و ناکرێت سەرچاوەیەکیش لەوانە جۆرێك لە لەخۆڕازیبوونی ڕەگەزپەرستیانەی پێچەوانە نەبێت، کە ئێمەی داگیر کردووە و دەبێتە هۆکاری هەر ڕەگەزپەرستییەکی دیکەیش، کە لە ئێمەوە ئاراستە دەبێت بۆ هەموو ئەوانی دی..

بۆیە هەتا ئێمە بەمجۆرە بین لەگەڵ ئەو بەشەی دیکەی خۆمان، کە جوگرافیا و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکان تێماندا ڕەگاژۆی کردوون، ناتوانین وەك پێویست بۆ ئەوانیتر هەبین و دەبینە دۆزەخ و سەرچاوەی نائومێدی و ناتوانین هیچیان بۆ بکەین.

دەبێت دوعا بکەین تا لەم فۆرمەی ئێمەبوونە ڕزگارمان ببێت و هووشیار ببینەوە لە ئاست ئەو فۆرمەی کوردبووندا، کە ناوەڕۆکەکەی، زمانەکەی، دروشمەکانی و پەیام و ئامانجەکەی چ لە واقیع و چ لە یاسا و چ لە زمانی فەرمانگەکانیدا یەکسان دەبێتەوە بە یەکدی. چونکە ئەم دوو فاقییە لە ئەخلاقدا، دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی دووفاقیانەی دیکەی کوردەکان لە نشتیمانی خۆیاندا، ئەو کاتەش نابێت پێمان ناخۆش بێت، کە مەسیحییەکی زاخۆیی خۆی بە عێراقی بزانێت، لەکاتێکدا کە ئەو ئاسایش و ڕزق و ئاسوودەییەی بۆی لواوە، تەنیا لەم هەرێمەدا دەستەبەر دەبێت، نەك لە شوێنێکی دی..

لەبەر ئەوە هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێم لەبەرامبەر ئەم واقیعەدا، لەبەردەم ئەزموونێکی مێژووییدان.

سەرۆکایەتیی هەرێم بە بەخشینی ڕێنمایی بەردەوام لەسەر پرانسیپی کرانەوەی کۆمەڵایەتی و فرەیی کولتووری و ڕێزگرتنی یەکسان لە هەموو پێکهاتەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و میوانداریی و پەیوەندیی هاووڵاتیان بە ئەوانی دیکەی کۆچبەران و هاوزمانەکانمانەوە.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دەسەڵاتی یاسادانان بە پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسا و هەمووارکردنەوە و دووبارە دارشتنەوەی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە مافی تاکەکەس و کەرامەتی مرۆیی و مافی بێگانەکان و هاوزمانانەوە هەیە. هەروەها بە خاوێنکردنەوە و دووبارە دارشتنەوەی ئەو ڕستە و گوزارانەی بۆنی جیاکارەیی و ڕەگەزپەرستی و جۆرەکانی بەپەراوێزخستنیان لێدێت.

هەروەها پێویستە سەرۆکایەتیی حکومەت، بە دەرکردنی ڕێنمایی و فەرمان و بەرچاوڕوونیی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان و بواری جێبەجێکردن، بەتایبەتی لەبارەی چۆنێتیی پیادەکردنی یاساکان بە لەبەرچاوگرتنی شعوری هاووڵاتیان و بێگانەکان و هاوزمانان، بەشداریی بکات لە خستنەڕووی هووشیارییەکی یاسایی بۆ کارمەندانی جێبەجێکار، هەر لە پۆلیس و ئاسایشێکەوە، تا کارمەندانی پۆست و پرسگەی فەرمانگەکانەوە تا دەگاتە وەزیرەکان. ئەم ڕێنماییانە گرنگن بۆ

**دەبێت دوعا بکەین تا لەم فۆرمەی ئێمەبوونە ڕزگارمان ببێت و هووشیار ببینەوە لە ئاست ئەو فۆرمەی کوردبووندا، کە ناوەڕۆکەکەی، زمانەکەی، دروشمەکانی و پەیام و ئامانجەکەی چ لە واقیع و چ لە یاسا و چ لە زمانی فەرمانگەکانیدا یەکسان دەبێتەوە بە یەکدی**

خاوێنکردنەوەی هەرجۆرە وتەیەك، لە بارە میزاجییەکەی و خستنەڕووی وەك ڕێنمایی یاسایی کە لەرێگەیانەوە پەیوەندیی دەسەڵات و هاووڵاتیان بە یەکسانیی ڕێکدەخرێت. بەمجۆرەش ئێمە دەکەوینە بەردەم بەکولتوورکردنی دیموکراسی و دیموکراتیزەکردنی خود، لەدەرەوەی هەر جۆرە بڕیارێکی میزاجیانە و خۆبەخۆ کە پێویستییەکی هەنووکەیی ئەزموونەکەمانە. چونکە ئەم ئەزموونە بەبێ سیما و زمان و ڕەفتارە یاساییەکانی لە ئاست ئەوانی دیکەدا نابێتە ئەزموونێکی ڕاقیی و شانازییەك بۆ مێژوو بەجێناهێڵێت.

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلیژی ئەدیبات زانکۆی سەڵاحەدین**

# کورد و سوودەکانی دیموکراسی



دەیڤید رۆمانۆ*

**مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

دیموکراسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی شەرعییەت بە حکومەت دەبەخشێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ڕژێمە خۆسەپێنەکانیش هەڵبژاردنی ڕواڵەتی ئەنجام دەدەن و هەندێ مومارەسەی دیموکراسی پیادە دەکەن (کاتێك ناوی دەوڵەتەکە دەستەواژەی «کۆماری گەلی دیموکراتی....» لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی بە زۆری هەموو شتێکە دیموکراسی نەبێت..) هەرچۆنێك بێت، ئەو دەوڵەتانەی بە ڕاستی دیموکراتین ئیمتیازێکی دیکەیان هەیە، ئەم سیستمانە کارێك دەکەن گرووپە بەرهەڵستکارەکان کەمتر بتوانن خەڵك بەلای خۆیاندا کێشبکەن وا دەکەن یاریزانە سیاسیە جیددیەکان سیاسەتێکی نەرمڕەوتر بگرنەبەر. ئەویش لە ڕێی دەرفەتدان بە موعارەزە بۆ ئەوەی حکومەت بگرێتەدەست.

ئەو گرووپانەی بۆ هەمیشە وەك موعارەزە دەمێننەوە بەردەوام دەبن لە ڕەخنەگرتن و هەر هەوڵێك لەبار دەبەن کە بدرێت بۆ گەیشتن بە سازش و بە ئاشتی لەگەڵ دوژمنە نەتەوەییەکاندا. دەتوانن بۆ هەمیشە هێرش بکەنەسەر حکومەت، بە بیانووی ئەوەی وەك پێویست حکومەتێکی ئایینی و ئەخلاقی نییە و بێتوانا و گەندەڵە. دەتوانن بە ڕەخنەگرتنێکی بێ بڕانەوە هەر دەستپێشخەرییەکی حکومەت لە باربەرن. لەم پرۆسەیەدا ستانداردێك بۆ ئەدای حکومەت دادەنێن کە مەحاڵە بتوانرێت بەدی بهێنرێت، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر هاتو دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەدای ئەوان بەو شێوەیە دەبێت.

هەرچۆنێك بێت، کاتێك حکومەت دەگرنەدەست، ئەوا بەرپرسیارێتییەکانی حکومڕانیکردن وایان لێدەکان میانڕەوتر کار بکەن و دەرفەت بە سازشکردن بدەن. ئەو پارتانەی لە حکومەتدان پێویستە بەرپرسیاربن لە ئاست خەڵکەکەیاندا و لە هەر حاڵەتێکی شکست و نائومێدیدا، ئایدۆلۆجیای موعارەزە کەمتر و کەمتر وەك چارەسەرێك بۆ هەموو کێشەکان دەردەکەوێت. ئەو موعارەزەیەی دوێنێ ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا بوو زیاتر و زیاتر وەك حکومەتێکی دیکە دەردەکەوێت کە نوخبەگەلێکی نالێبوردە بەڕێوەی دەبەن، کە بێتوانایە لە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون و ئازادی و دەوڵەت یاخود ئامانجە نەتەوەییەکانی دیکەدا.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر موعارەزەی دوێنێ و حکومەتی ئەمڕۆ، بەڕاستی بتوانێت بەڵێنەکانی خۆی بەدی بهێنێت، ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دیموکراسی بۆتەهۆی باشترکردنی ژیانی خەڵك. ئەگەر شکستی هێنا لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیدا، ئەوا سیستمە دیموکراسییەکە دەرفەت بە کۆمەڵگە دەدات کەسێکی دیکە بۆ حکومڕانیکردن هەڵبژێرێت، واتە حکومەتێك بێت کە باشتر بێت لە حکومەتەکەی دوێنێ. بوونی ململانێ لە چوارچێوەی سیستمێکی لەم چەشنەدا دەبێتەهۆی ئەوەی کارەکان بە بەرژەوەندیی هەموو لایەك بشکێتەوە، ئەمە ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی گونجاو ئەو ململانێیە ئەنجامدرا.

کارێکی زەحمەت نییە لە نێو بارودۆخی کورددا چەند نمونەیەکی ئەم بنەمایە بەدی بکەین. باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بزانین حزبی گۆڕان ئەدایەکی باشتری دەبێت لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەوەیە بواریان بدەیت بۆ ماوەیەك حکومڕانی سلێمانی بکەن. ئیتر ئەو کاتە یان بە شێوەیەکی کارا و بە گەندەڵییەکی کەمتر حکومڕانی دەکەن، یاخود لە دەسەڵات دووردەکەونەوە و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان یان کەسێکی دیکە دەسەڵات دەگرێتەدەست.

لە کۆتاییدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕووبەڕووی تەحەددیەکی هاوشێوە دەبێتەوە کاتێك لایەنێکی دیکە حکومڕانی دهۆك و هەولێر و ڕەنگە تەواوی هەرێمی کوردستانیش بکات. دەبێت خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو ڕۆژە، ئەویش لە ڕێی بنیاتنانی بەهێزترین دامەزراوە لە کوردستاندا- دەسەڵاتێکی دادوەری کە بە ڕاستی سەربەخۆ بێت، هێزە چەکدارەکان لە ژێر فەرمانی حکومەتدا بن نەك پارتەکان، مافە تاکەکەسیەکان دەستەبەربکرێن و ڕاگەیاندنێکی بەرپرس بوونی هەبێت، کاری فەرمانگەکان دووربێت لە گەندەڵی و مەحسوبیەت و تاد. بوونی دامەزراوەی بەهێز پارێزگاری لەو کەسانە دەکات کە لە دەسەڵاتدا نین- و لەو سیستمانەدا کە بە ڕاستی دیموکراتین، هەر کەسێك لە دەسەڵاتدا بێت بۆ ماوەیەك لە دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە.

لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ئەنکەرە ڕێگانادەن پارتی کرێکارانی کوردستان لە چوارچێوەی سیستمە سیاسییەکەدا کار بکەن، ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ توانای ئەم پارتە زیاتر دەبێت بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەلای خۆیدا. کاتێك دەسەڵاتدارانی تورکیا سیاسییە میانڕەو و ناتوندوتیژەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی- کە نزیکن لە پەکەکەوە- دەستگیر دەکات، ئەوا تەواوی سیستمە سیاسییەکە شەرعیەت لە دەست دەدات و ئەو کاتە چەکداری چیاکان و ئەو سیاسەتە توندڕەوەی پشتگیری لێدەکەن باشتر و باشتر دەردەکەون. ئەگەرچی لە تورکیادا دیموکراسییەکی پشتبەستوو بە هەڵبژاردن هەیە، ئەوا سیستمەکە بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵناسوڕێت کاتێك مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە کارکردنی کوردەوە لە بوارە سیاسییەکەدا. زۆرێك لە ماددەکانی دەستوری ١٩٨٢ی تورکیا نادیموکراتی و نالیبرالین و دەبنەهۆی لەباربردنی سوود و ئامانجەکانی دیموکراسی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا.

لە ئێراندا، دیموکراسی ئەوەندە بوارەکە سنوردار دەکات بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت خۆیان کاندید دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان کە بۆتەهۆی ئەوەی لە هەموو ناوەڕۆکێك بەتاڵ بکرێتەوە. ڕابەری مەزن و ئەنجومەنی پارێزبەندی لە هیچ حاڵەتێکدا هەڵنابژێردرێن، و دەسەڵاتەکانیان لە دەسەڵاتەکانی مەجلیس زیاترە. لە ئەنجامدا دەبینین — کە ئەوە شتێکی نهێنی نییە- خەڵکە ئاساییەکە لە کوردەکانی ئێران، هاوشان لەگەڵ باکووری تاران، ئازربایجان و بلوجستان و ناوچەکانی دیکە ڕقیان لە ڕژێمی دەسەڵاتدارە. کاتێك دروشمەکانی شۆڕشی ئیسلامی دوایین ڕەونەقی خۆی لە دەست دەدات، ئەوا سیستمە دیموکراسییە ساختەکە زیاتر و زیاتر شەرعییەتی لە دەستدات.

لە کۆتاییدا تەواوی جیهان ئەوە دەبینین کە رژێمی تاکڕەوەی ئەسەد چ شەرعییەت و جازبیەتییەکی لە کوردستانی سوریادا هەیە، کورد خۆشحاڵە لە سایەی حکومەتە مەحەلییەکەیاندا ژیان بەسەردەبات، کە لە ماوەی چەندین دەیەدا ئەوا یەکەم حکومەتی نوێیە پێکیان هێنابێت. لەم پرۆسەیەدا، تورکیا و لایەنەکانی دیکە نیگەرانن لەوەی پارتی یەکێتیی دیموکراتی دەسەڵات بگرێتەدەست. ڕەنگە باشترین شتێك کە ڕوو‌بدات نەك تەنیا لە کوردستانی سوریادا، بەڵکو لە تورکیادا و ناوچە کوردییەکانی دیکەدا ئەوەبێت بوار بە پارتی یەکێتیی دیموکراتی بدرێت لە هەڵبژاردنەکانی نێو کوردەکانی سوریادا سەرکەوتووبن، بەڵام بە مەرجێك پابەند بن بە ڕێسا و مومارەسە دیموکراتییەکانەوە. حکومەتێك پەکەکە پێکیبهێنێت، یان حکومەتێکی میانڕەو دەبێت و ئەدایەکی باشی دەبێت و بواری کارکردن بە پارتە سیاسییە کوردییەکانی دیکە دەدات، یاخود سەرکێشی لەدەستدانی ئەو هاوسۆزییە دەکات کە لە هەموو کوردستاندا هەیانە. هەر سیناریۆیەك ڕوو‌بدات هیچ لایەك زەرەرمەند نابێت- - تەنانەت دیکتاتۆرەکانی دوێنێش.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

# ماوەو مەودایەکی نوێ بۆ کێشەی کوردی تورکیا


دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

بە تێپەڕبوونی زەمەن بینیمان ڕووداوەکانی ئەم دواییەی نزیکەی حەوتسەد کوردی تورکیا کە لە ناو زیندان بۆ حەفتا ڕۆژ مانیان لە نان خواردن گرت چ وەرچەرخانێك بوو بۆ هاتنە پێشەوەی ماوەو مەودایەکی نوێ لە دۆزی کوردی ناو ئەو وڵاتە، بە نزیك بوونەوەی زیندانیەکان لە لێواری مەرگ، ئیترهەردوو بەرەی حکومەتی تورکیا و سەرکردەی پەکەکە، هەڵوێستی دروست و پەسەندیان نواندو هاوکاربوون لە ڕاگرتنی ئەو ڕۆژووگرتنە گیان پروکێنەی زیندانیانی کوردا..

جگە لە لێدوانەکانی بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیران کە بە وشەی توند ئاخێنراو بوون، هەر یەك لە وەزیری دادو جێگری سەرۆك وەزیران بەڕێزان (بۆزداغ و ئارینج) شێوازی ئاخافتنیان لەهەمبەر ئەو بارە خرۆشاوەدا نەرم و نیان بوو، چونکە ئەوان باش ئاگاداری ئەوە بوون کە سەرەڕای ئەوەی باکگراوەندی ئەم حاڵەتی مانگرتنە ڕێکخراوێکی لە پشتەوەبوو بەڵام بەرپرسیارێتی هەر حکومەتێکە ژیان و زیندەگی زیندانیانی بەندیخانەکان بپارێزێت، لەمەیش هەستەوەرتر مردنی یەك بە دوا یەکی زیندانییەکان گرژییەکی هەمیشەیی ئەتنی لە نێوان کوردو تورکان لێ دەکەوتەوە، خۆشبەختانە تورکیا بە هەڵدێری قەیرانێکی سیاسی وادا هەڵنەزنا، کە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرا پۆرتی وڵاتەکەی پێ بشکێت و لە دەرئەنجامەکەشیدا ڕێچکەی چارەسەری دۆزی کورد لەو وڵاتەدا ئاڵۆزتر بوایە.

هۆکارگەلی سەرەکی پشتەوەی چەقبەستنی کێشەی کورد پەیوەستە بە دیدو ڕوانین و پێڕەوکردنی هەردوو بەرەی ناکۆك، کە لە هەرقۆناغێکدا پێناسەی جیاواز سەبارەت بە کێشە هاوبەشەکان و چۆنیەتی پەرەسەندنیان دێننە پێشەوە، سەبارەت بە کورد وەك نەتەوە، کۆماری تورکیا تەواوکاری ئەو ڕێکەوتننامەیەی ساڵی ١٩٢٣ی لۆزانە کە تورك و کوردیان لە دروست بوونی دەوڵەتێکدا بە ناوی تورکیاوە هاوبەش کرد، دواتر تورکەکان هەستان بە دوورخستنەوەی کورد، پرۆسەی دوورخستنەوەیان لە کۆتاییدا



گەیشـــت بەو حاڵەتەی ڕەنجبەخەســـاربن و بوونیـــان لـــە تورکیـــادا ڕەتبکرێتەوە، ڕاپەڕینی یاخیگەرانەی بەردەوام و بێکۆتا ڕەواییتریـــن وەڵامی کوردە لە بەرانبەر ئەو نادادپەروەرییەدا..

لە ڕوانگـــەی تورکانەوە هەر لە ســـاڵی ١٩٧٨وە بەو جۆرەیە کە ئەوە کوردن لە دژی دەوڵەت بە چەکەوە ڕادەپەڕن و لە ســـاڵی ١٩٨٤وە لە توندوتیژی تێوەدەگلێن و ڕۆژ لە پاش ڕۆژ ئاستی توندوتیژی هەڵدەکشێت و ڕێکخـــراوە چەکدارە کوردییەکەش دەبێتە ئامرازی دەســـتی بێگانە بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی تورکیا..

ڕوانینی هەردوو بەرەی دژ بە یەك سەبارەت بە سروشتی کێشەکە لە یەکترەوە جیاوازن، هەر لە خاڵی دەسپێکەوە تا پێشهاتەکانیش جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، لە میانەی تێگەیشتنی فرەجۆرو لێکدانەوەی جیاوازدا زەحمەتە چیرۆکێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە، هـــەر بۆیە لـــەم ڕووەوە هـــەر هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی چارەســـەرێکی چاوەڕوانکراو شکستی دەهێنا..

ئـــەم دژایەتی کردنەی یەکتـــر هۆیەکی ســـەرەکی بوو بۆ فەرامـــۆش بوونی هەر چاکسازییەکی دیموکراسیانە کە حکومەت نیازی ئەنجامدانی بدایـــە، لە بەرانبەردا مەیلێکـــی قووڵ بـــۆ فشـــاربۆهێنان لە لایەن بزاوتی کوردییەوە دژ بە سیســـتمی مەرکەزییانەی ســـتەمدار ســـەریهەڵدەدا، هەر بۆیە کێشـــەکان بە ئاڕاستەی دروست نەدەچووە پێشەوە..

لە بەرەی کوردیدا سێ کاراکتەری سەرەکی ڕۆڵ دەگێڕن

١. ڕێکخـــراوی چەکدارییانەی پەکەکە/ سەرکردایەتییەکەی لەسەر چیای قەندیلی باکووری عیراقە

٢. پارتـــی ئاشـــتی و دیموکراتی/ لە ناو پەرلەمان نوێنەرایەتی لایەنگرانی پەکەکە دەکەن

٣. عەبدوڵـــڵا ئۆجـــەلان/ ســـەرکردەی پەکەکەیەو بە زیندانیکردنی هەمیشـــەیی سزا دراوەو لە گرتووخانەی ئیمراڵە

لە ماوەی ساڵ و نیوی پێشوودا حکومەت ئۆجەلانی بە بەرپرسیار زانیوە لە هەڵکشانی توندوتیژییەکاندا، لە کاتێکدا پەکەکە بە بێ بوونی ئۆجەلانیش لە شەڕکردن نەوەستاون، بە دەپەش هەمیشـــە پەنجـــەی تۆمەتی ئاڕاســـتە کراوە بەوەی زمانحاڵی قەندیلە هەر بۆیە لە پرۆسەی ئاشتی وەدەرنراوەتە دەرەوە، تاکـــە کارەکتەرێك کـــە مابێتەوە پەکەکەی چەکدارە کە بە جددی حکومەت بـــە هەندی وەرگرتـــووەو وەك دوژمنێکی سەرسەخت لە دژی دەجەنگێت، لە کاتێکدا پەکەکە ئەم لـــە دژ جەنگان و زەبروزەنگە ســـەربازییانەی حکومەتی قۆستۆتەوە تا پەرچەکردارەکانی خـــۆی لە ئەنجامدانی توندوتیژیدا بە شەرعی بکات و ڕەوایەتی پـــێ بدات، مخابـــن کە لە ڕابردووشـــدا بەڕێوەبردنی دەزگای ئاسایش و هەواڵگری وڵات لە لایەن دەســـتەبژێرێکی بیرۆکرات و ستافێکی ســـەربازییەوە بەڕێوەدەبراو بە

**ئەگەر مانگرتنەکە کۆتایی نەهاتایە مردنی یەک بە دوا یەکی زیندانییەکان گرژییەکی هەمیشەیی ئەتنی لە نێوان کوردو تورکان لێ دەکەوتەوە، خۆشبەختانە تورکیا بە هەڵدێری قەیرانێکی سیاسی وادا هەڵنەزنا**

ئامانجی پتەوکردنی پێگەی خۆیان لە ناو دەسەڵاتدا ســـوودیان لە توندوتیژییەکانی پەکەکە وەردەگرت..

پێدەچێت ئەم پرۆســـە بەردەوامە هەمیشە ئەنجامەکانـــی پێچەوانە بێتەوە، حکومەت لەم مانگرتنەی دواییشـــدا وانەی تر فێر بووە، لـــە بەرانبەر ســـەرهەڵدانی لایەنی چوارەمی بـــەرەی کوردیدا وەســـتاوەتەوە کە هـــەزاران کـــەس لـــە زیندانیکراوانی سیاسی کوردی گرتووخانەکان ئامادەییان دەردەبڕی بچنە ناو ڕیزی مانگرتووەکانەوە، لەو حاڵەتەشـــدا ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە نەدەتوانـــرا کۆنترۆڵی دۆخەکـــە بکرایە، چونکە گیانلەدەســـتدانی سەدان کەس و هاتنە ســـەر لێواری مەرگی هەزارانی تر حکومەتی پەلکێشـــی بارێکی شڵەژان و هەستیارانە دەکرد، بەڵام ئەوەی حکومەتی لـــەو تەڵەیە ڕزگارکرد خـــودی عەبدوڵڵا ئۆجـــەلان بوو، ئەویش بە ئاڕاســـتەکردنی بانگەشەیەك بۆ زیندانییە مانگرتووەکان تا مانگرتنەکەیان ڕابگرن، دەستێوەردانەکەی ئۆجەلان ئەو ڕاســـتیە حاشا هەڵنەگرەی یەکلاکردەوە کە مانگرتووەکان لایەنگرانی پەکەکەن، بـــەم بانگەوازەشـــەوە ئۆجەلان سەرلەنوێ خۆی هێنایەوە بەر زووم و بۆ نێو پرۆسەی گفتوگۆ گەڕایەوە، کە ماوەیەك بوو لە لایەن حکومەتەوە بە تەواوی هیوابڕ کرابوو..

پاش ئەوەی ئۆجەلان سەرلە نوێ گەڕایەوە بـــۆ نێو پرۆســـەی دیالۆگ، لـــە لایەن حکومەتەوە دوو پێشبینی خراوەتە ئاراوە:

یەکەمیان/ئۆجەلان بە نوێنەرایەتی چینێکی کوردی ڕێکخراو لە ڕووی ســـەربازی و سیاســـییەوە دەتوانێ ڕۆڵێکی بونیادنەرانە بگێڕێت چونکە پێشـــتر تاقیکراوەتەوە کە چەند یەکگرتوو و خۆڕاگرن

دووەمیان/چاوەڕوانـــی ئـــەوەی لێ دەکەن کرێتـــی و کەموکورتـــی ئـــەو ڕێکخراوە ئاشـــکرابکاتەوە کـــە چەندیـــن دەیەیە لە دامەزرانـــدن و ڕابەرایەتیکردنیدا بەردەوام بووە..

لە ڕاستیدا ئۆجەلان و هەموو ئەو هەڤاڵانەی کە تەمەنیان بەرەو هەورازی شەست ساڵی دەچن و ســـەر بە باڵی چەپی دێرینەن و ئـــارەزووی ئەوە دەکـــەن ڕێگەچارەکان لە چوارچێوەی قەوارەی تورکیادا بدۆزرێتەوە، بەڵام کادیرە گەنجەکانی تەمەنیان لە نێوان ٣٠ تا ٤٠ ساڵیدایە بە پێویستی دەزانن لە ڕێی جەنگەوە لە دژی دوژمن ئامانجەکان بپێکن..

بە واتـــای هەرچی پێوەندیـــدارە بە تورك و تورکیـــاوە ئەگـــەر ئـــەو دەرفەتـــەی چارەسەرو چەســـپاندنی ئاشتی بۆ تیمی دێرینە کە ئۆجـــەلان ڕابەرایەتییان دەکات نەهێڵنەوە،ئـــەوە بارودۆخەکە دەکەوێتە ژێر جڵەوی نـــەوە گەنجەکانی ڕێکخراوەکەوەو زەحمەتە بۆ دواجار بتوانرێت ئاشـــتی لەو وڵاتەدا بچەسپێنرێت..

ئەمە ئـــەو پەندو وانەیەیە کـــە هەموان وەریانگـــرت و فێری بوویـــن لە ئاکامی مانگرتـــن لـــە خـــۆراك و لێکەوتـــەوە کاریگەرییەکانیەوە..

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# بۆچی تائێستا لە وڵاتانی عەرەبیدا دیموکراتی بوونی نییە؟

**لەوڵاتانی عەرەبــی گۆڕانکاری گــەورە روویدا، ئەم گۆڕانکاریانە ناویان لێنــرا بەهاری عەرەبی، چاوەڕێ دەکرا ئەم بەهارە بەهاری دیموکراسی و کرانەوە بێت، بەڵام ئاکامی گۆڕانکارییەکان پێچەوانەوە پیشاندەدەن، سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر جیم بەترفیلد ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی وێسترن میشــگان کرد، کە تایبەتمەندە لەسەر وڵاتانی ئەفریقیا و رووسیا و دەوڵەتانی ســۆڤیەتی پێشوو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕێزی ئەم وتارەی وەك وەڵامی پرسیارەکان بۆ گوڵان نووسیوە.**

ئێوە بە پرسیارێکی بنەڕەتی دەست پێدەکەن (کە زۆربەی پرسیارەکانی دیکەتانی لەسەر بنیاتنراوە): مەبەستان ئەوەیە بزانن بۆچی دیموکراســی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بونیاد نانرێت؟ پێموایە ئەمە پرســیارێکی هەڵەیە، ئەگەرچی پرسیارێکی باویشە. من گومانم نییە لەوەی دەتوانرێت دیموکراسی بهێنرێتەدی. لەبەر ئەوە باشترە ئەو پرسیارە بکەین بۆچی تا ئێستا دیموکراتی بوونی نەبووە. یەکێك لە باوترین وەڵامەکان ئەوەیە کە ئەمە شتێکی هەمیشەییە لە کەلتوری عەرەبــیدا یاخود ئەوەیە ئیســلام لەگەڵ دیموکراســیدا ناگونجێــت. بەڵام من ئەم لێکدانەوەیە قبوڵ ناکەم.

کەلتــور هۆکارێکی کاریگــەرە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام هۆکارێکی دیاریکەر نییــە. چەندیــن ســاتەوەخت هەبوون لە سەدەی ڕابردوودا کە مشتومڕی هاوشێوە کــران. دوای جەنگــی جیهانــی دووەم، هەندێ کەس باسیان لەوەدەکرد کە هەرگیز دیموکراسی لە ئەڵمانیا و ژاپۆن سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی مێژوویەکی سەربازیان هەبووە. تاوەکو ساڵانی هەشتاکان، هەندێ کەس باســیان لەوەدەکــرد کە کەلتوری لاتینــی گونجــاو نییە بــۆ ئەوەی دیموکراســی بێتەئــاراوە، ئەویش بەهۆی دەستێوەردانی سەربازییەوە. کەســانی دیکــە بانگەشــەی ئەوەیان کردووە کە کۆنفۆشــیەت لەگــەڵ دیموکراســیدا تەبا نییە، بەڵام تایــوان پێچەوانەی ئەمەی ســەلماند. بانگەشــەی هاوشێوە لەبارەی کەلتــور و کۆمەڵگەکانی سەب ســەحارای ئەفریقیاوە کران. بە کورتی، بە تێپەڕبوونی کات ئەوە ســەلما کە هەموو ئەو بانگەشــانە ناڕاست بوون، من متمانەم هەیە کە بە تێپەڕبوونی کات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو مشتومڕەی بــاس لــەوە دەکات کەلتور هۆکارێکی دیاریکەرە بە هە مــا ن شــێو ە



**پرۆفیسۆر جیم بەترفیلد***
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

**گومانم نییە لەوەی ڕێگای دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاسان نابێت. بەڵام چیرۆكەكە زۆری ماوە تەواو بێت**

ناڕاست دەردەچن. بەلای كەمەوە دوو هۆكار هەن بۆ ئەوەی ئەمە بڵێین. یەكەم، كاتێك چاودێران پەنا بۆ ئەو مشتومڕە دەبەن كە كەلتوور هۆكارێكی دیاریكەرە، ئەوا بە زۆری قسە دەربارەی ئیسلام دەكەن بە شێوەیەكی تایبەت.
ئێمە بەڵگەی ئەوەمان بەدەستەوەیە كە ناسازانێكی بنەڕەتی لە نێوان ئیسلام و دیموكراسیدا نییە. لە دیراسەتێكی گرنگدا چەند ساڵێك پێش ئێستا، موعتەز فەتاح (لە زانكۆی قاهیرە و زانكۆی میشیگانی مەركەزی) ڕوومالی موسڵمانەكانی سەرجەم جیهانی كرد و پاڵپشتیەكی بەهێزی بۆ دامەزراوە و مومارەسە دیموكراسیەكان بەدی كرد. هەروەها ئەمە بۆ موسڵمانەكانی كۆمەڵگە موحافیزكارەكانیش ڕاستە، بە چەشنی ئەوانەی لە ناوچەی كەنداوی فارسیدا دەژین. دووەم، ئێمە نموونەی ئەوەمان هەیە كە دیموكراسی و ئیسلام پێكەوە ژیاون: سەنیگاڵ، ئەندەنوسیا (بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی دووەمیان هێشتا دیموكراسیەكی لەرزۆكە) و ویلایەتە موسڵمانەكانی هیندستان. هەروەها هیچ هۆكارێك نییە بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بكەین ئەو پارتە سیاسییانەی ڕیشەی بەهاكانیان لە ئیسلامدایە بە زەرورەت دژ بە دیموكراسین.
بە ڕەچاوكردنی مێژووی پارتە مەسیحیەكانی ئەوروپا: لە كاتێكدا پابەندبن بەو بەهایانەی كە پێیانوایە لە بنەڕەتدا بەهای مەسیحین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان تێدەگەن كە ڕۆڵگێڕانی ئایین لە ژیانی سیاسیدا سنووری هەیە. هەندێ لە پارتە ئیسلامیەكان بەپێی ئەو ستانداردە ڕەفتار ناكەن، بەڵام هەندێكیان پێوەی پابەندن. (كێشەكە ئەوەیە ئێمە نازانین تاوەكو دێنەسەر دەسەڵات.)
هۆكاری سەرەكی نەبوونی دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە شكستی سەركردایەتی. كە هەمان بارودۆخی سەب سەحارای ئەفریقیا بوو -بەلای كەمەوە- بۆ نەوەیەك دوای سەربەخۆیی، زۆربەی سەركردەكان بەرژەوەندیان نییە تەنانەت لەوەی بە ڕواڵەتیش دیموكراسی بن. چەندین هۆكار بەرپرسیارن لەم ئەنجامە: هەژاری، شەڕی سارد (كە هەردوو گەورە هێزەكە پشتیوانیان لە دۆستە دیكتاتۆرەكانیان كرد)، سەركردە سەربازیەكان كە سوودمەندبوون لە مانەوەی دیكتاتۆرەكان، هەڕەشەی یاخیبووەكان، شەڕ (لە نێویاندا شەڕەكان لەگەڵ ئیسرائیل و شەڕی عێراق و ئێران) و هۆكاری دیكەش. دیكتاتۆرەكان بیانوی زۆر دەهێننەوە بۆ دیكتاتۆریەتەكەیان، و خەڵكیش بە زۆری ئەو بیانوانە قبوڵ دەكەن.
بەڵام ئەم دۆخە بۆ هەتا هەتایە درێژە ناكێشێت. ژمارەی ئەو وڵاتانە لەبەرچاو بگرە كە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا دیكتاتۆریەتەكانیان ڕەتكردۆتەوە. لە كاتێكدا كە خەڵكی وردە وردە لە دەست هەژاری ڕزگاریان دەبوو و هەنگاو بە هەنگاو ئاوێتەی كۆمەڵگە جیهانیەكە دەبوون، پتر گوزارشتیان لە نائومێدی خۆیان دەكرد لە بەرامبەر سەركردە ناكار و گەندەڵەكاندا. دەرئەنجامەكەش ڕاپەڕینێكی چاوەڕوان نەكراو بوو كە بە زۆری دووچاری سەرسوڕمانمان دەكات- ئەمە ئەگەر باسی ئەو سەركردانە نەكەین كە ڕاپەڕینەكە دژ ئەوان بەرپا كراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی ناچاركردنی سەركردەیەكی نادیموكراتی بۆ ئەوەی دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت، شتێكە و پێكهێنانی دامەزراوەی دیموكراسی شتێكی دیكەیە، هەروەها گەیشتنی پرۆسەكە بە دیموكراسیەتێكی جێگیر مەسەلەیەكی دیكەیە.
حاڵەتەكانی پاشەكشەكردن زۆرن: حاڵەتە جیاوازەكانی وەك ڕوسیا، فەنزویلا، تایلاند و غینیا باساو لەبەرچاو بگرە، لەوەش زیاتر، بە زۆری دوای سەركەوتنی ڕاپەڕینە مەدەنیەكان دژی دیكتاتۆرەكان، بە چەشنی ڕاپەڕینەكانی بەهاری عەرەب، چاوەڕوانیەكان بۆ ئاستێكی ئەوەندە باڵا بەرزبوونەوە كە تا ڕاددەیەكی زۆر دڵنیاین لەوەی ناتوانرێت بهێنرێنەدی. ئەدای سیاسی ئۆكرانیا و جۆرجیا، ئەو دوو وڵاتەی ئەو شۆڕشانەیان بە خۆوە بینی كە پێیان دەوترێت «شۆڕشی ڕەنگەكان»، بووە مایەی نائومێدی هاووڵاتیانی هەردوو وڵاتەكە، كیرغزستان نموونەیەكی دیكەیە كە شۆڕشی ڕەنگی تێیدا ڕوویدا، كە بەردەوام وڵاتێكی ناسەقامگیربووە و لەو كاتەوە گرفتاری دەستی توندوتیژی پەیوەست بە هەڵبژاردنەكانەوە بووە.
من گومانم نییە لەوەی ڕێگای دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاسان نابێت. بەڵام چیرۆكەكە زۆری ماوە تەواو بێت. لە پەیوەندیدا بە پرسیارێكی دیكەتانەوە: ئەوا خەڵكی ئەمریكا هەم نائومێدن لە دەرئەنجامی هەردوو دەستێوەردانەكە (عێراق و ئەفغانستان) و تووڕەن لە هەڵسوكەوتی ئیدارەی بوش لە ئاست عێراقدا بە تایبەتی. كە تێچوونی ئەم دەستێوەردانانە ملیارەها دۆلار بووە و نە عێراق و نە ئەفغانستانیش وەك وڵاتێكی سەقامگیر و دیموكرات لە شەڕەكە نایەنەدەرەوە. ڕای گشتی شەكەتە لە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و سوپاش زیاد لە توانای خۆی بەكار هاتووە. لە ئێستادا پێموایە ئەگەرێكی كەمی دەستێوەردان هەیە. ئەوەش مایەی مشتومڕە كە ئایا ئێمە لە مەودای دووردا دەرسمان وەرگرتووە، لە چەند ڕوویەكی گرنگەوە، ئێمە هەڵەكانی ڤێتنامەمان دووبارە كردەوە، لە ئەفغانستان و بە تایبەتی لە عێراقیشدا.

**هۆكاری سەرەكی نەبوونی دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە شكستی سەركردایەتی، زۆربەی سەركردەكان بەرژەوەندیان نییە تەنانەت لەوەی بە ڕواڵەتیش دیموكراسی بن**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی وێسترن میشیگان**



*** ئایا ئەمساڵیش ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لەدەرەوەی وەرگرتنی زانکۆو پەیمانگاکان مانەوە، ئەمە ئەو گرفتەیە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە، ئایا پلان و بەرنامەتان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکە چی بوو؟**

- ئەمساڵ ستراتیجی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکان بریتیی بوو لە وەرگرتنی زۆرترین ژمارە لە دەرچووانی ئامادەییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی کردنەوەی بەش و کۆلێجی نوێ و سوود وەرگرتن لەو پەڕی توانای زانکۆ و پەیمانگەکان واتا (الطاقة الاستعابیة القصوی) دەستەبەر کرا، بەڵام دەبێت بەرز ڕاگرتنی ئاستی کوالێتی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم بە وریاییەوە لەبەرچاو بگیرێ. هاوکات ئەنجومەنی وەزارەت لەسەر پێشنیازی زانکۆ و دەستە تەکنیکییەکان و بەپێی ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری بڕیاری دا بە کردنەوەی (٢٨) بەشی نوێ لەسەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکان و کردنەوەی دوو کۆلێج لە زانکۆی هەولێری پزیشکیی و زانکۆی دهۆك بۆ ئەم ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣)، ئەم هەنگاوەش بووە هۆکاری دابینکردنی کورسی خوێندنی زیاتر بۆ دەرچوانی ئامادەییەکان. لەلایەکی ترەوە پێشکەشکردنی داواکاری لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران بەشێوازی ئەلکترۆنی و سیستمی زانکۆلاین زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، ژمارەی پێشکەشکارانی ئەمساڵ بۆ سیستمی زانکۆلاین بریتی بوون لە (٣٧٣١٨) دەرچووی ئامادەیی لەوانە (٢٩٧٩٧) لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون کە بریتییە لە ڕێژەی (٨٠٪). هاوکات (٨٢٣٧) خوێندکار و قوتابی لە دەرچووانی ساڵانی پار و پێرار داوایان پێشکەش کردبوو لەوانەش (٢٤٤١) دەرچوو وەرگیراون. بەم پێیە کۆی گشتیی پێشکەشکاران دەگاتە (٤٥٦٥٥) پێشکەشکار و ژمارەی وەرگیراوانیش

دکتۆر عەلی سەعید
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ (گوڵان):

# بۆ بەشداری پێکردن لە دروستکردنی بڕیار گوێ لە خوێندکاران دەگرین و دەرفەتیان پێ دەدەین

## پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم پەیوەندیی بە بازاڕی کارەوە نییە

**دکتۆر عەلی سەعید وەزیری خوێندنی باڵاو زانستی لەم دیمانەیەی (گوڵان) دا ئاماژەی بەوە دا زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بۆ ئەمساڵ هەموو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ وەرگرتنی زۆرترین دەرچووانی ئامادەییەکان، لەم پێناوەش دا کردنەوەی ٢ کۆلێج و٢٨ بەشی نوێ ڕۆڵی باشی لەچارەسەرکردنی گرفتەکە هەبوو. ئەمە جگە لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و چەند هەنگاوێکی تری گرنگ کە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا وەزارەت گرتووینەتە بەر، لەتەوەرێکی دیمانەکەدا وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەراشکاوانە ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا وەرگرتن لەزانکۆو پەیمانگاکان پەیوەندیی نییە بەبازاڕی کارەوە، بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەو گرفتەشی دا، سەبارەت بەتوێژینەوەکانیش ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت لەمەودوا توێژینەوەکان چارەسەری گرفتەکانی وڵاتەکەمان بکات. سەبارەت بەکردنەوەی زانکۆی ئەهلی بەڕێزیان پێی وایە نابێت خوێندنی ئەهلی بکرێتە کاڵایەکی بازرگانی، رەتکردنەوەی داواکاری ١٥ زانکۆی ئەهلیش لەم چوارچێوەیەدا دێت و ئەم لایەنەش بەوتەی وەزیری خوێندنی باڵا رێك دەخرێتەوە..ئەمەو چەند پرسێکی ترمان رووبەرووی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کردەوە.
پوختەی وەڵامەکانی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە.**

دەگاتە (٣٢٢٣٨) قوتابی و خوێندکار. ئەمە جگە لەوەی یەکەم و دووەم لەسەر ئاستی پەیمانگاکانی هەرێم لە زانکۆکان وەرگیراون. هەنگاوێکی دیکەی وەزارەتمان بریتی بوو لە کردنەوەی خویندنی ئێواران لە کۆلێجەکانی پەروەردەی بنەڕەت و بنیات لە زانکۆکانی (سەلاحەددین، سلێمانی، کۆیە. هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین) بۆ دابینکردنی خوێندنی بەکالۆریۆسی پیشەیی لە پەروەردەی بنەڕەتی و بنیات بۆ مامۆستایانی سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردە بۆ درێژەدان بە خوێندنی زانکۆیی. لەلایەکی ترەوە دەستکەوتێکی گرنگی دیکەی وەزارەتمان بریتیی بوو لە کاراکردن و چەسپاندنی سیستمی زانکۆلاین و چارەسەرکردنی گرفت و کەم و کورتییەکانی بێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی فۆرمی تیشکیی، بەشانازییەوە دەڵێین ئەم ساڵ توانیمان (٢١) ڕۆژ زووتر لە ساڵی پار ئەنجامەکان ڕابگەیەنین.

*** بەڕێزت وەکو سەرۆکی پێشووی زانکۆی سلێمانی کە پێشتریش ساڵانێکی زۆر لەدەرەوە خوێندوتە؛ ئایا بەچی میکانیزم و هەنگاوو ئامرازێك کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکانی کوردستان دەکەیت، تاوەکو بگەنە ئاستی ٥٠٠ زانکۆ بەناوبانگەکەی جیهان؟**

- ئێمە لە وەزارەت هەنگاوی گرنگمان بۆ گەشەپێدانی زانکۆکان و کەرتی خوێندنی باڵا ناوە، بەرەوپێشچوونی ئاستی زانکۆ و ناوەندەکانی خویندنی باڵا کۆمەڵێك پێداویستیی هەمە لایەنەی هەیە کە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر یەکێك لەو پێداویستییانە هەوڵی بەرچاوی داوە، لێرەدا دەتوانم کۆمەڵێك نموونە بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیزی گۆڤارەکەتان:

- لە بواری گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان دا بەرنامەی تواناسازی وەك پرۆژەیەکی نیشتیمانی گرنگ بەردەوامە و گەشەی زیاتری پێدەدرێت و چارەسەری کێشە و

گیروگرفتەکانی کراوەو دەکرێت، هاوکات بەرنامەکانی دیکەی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کەرتی خوێندنی باڵا گرنگیی تەواویان پێدراوە بە تایبەت خوێندنی ماستەر و دکتۆرای زانکۆ ناوخۆییەکان و خولی ڕاهێنانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ستاف و مامۆستایانی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و پرۆگرامەکانی پۆست-دکتۆرا و ساباتیکاڵ گرنگی تەواویان پێدراوە.

- لە بواری ژێرخانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا هەنگاوی گرنگمان ناوە، بۆ نموونە پرۆژەی کامپی نوێی زانکۆی سلێمانی ڕوو لە تەواو بوونە، پرۆژەی کامپی زانکۆ نوێیەکان دەستپێکردووە و بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هاوکات پرۆژەی ماستەر پلان و دیزاینی کامپی نوێی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی هەولێری پزیشکیی لە پرۆسێسدایە. هاوکات تەلاری کۆلیجەکان لە زانکۆکانی گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەڕین لە بواری جێبەجێکردندان.

- پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیی یەکێکە

**لەکۆی (١٨) داواکاری بۆ کردنەوەی زانکۆی نوێی ئەهلی (١٥)یان ڕەت کرانەوە**

لە ئەولەویەتەکانی کابینەی حەوتەم، بایەخی زۆر بە سێنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی پێداویستییەکانیان دەدەین، هاوکات هەوڵمانداوە پەیوەندی توێژەرانی کوردستان لەگەڵ توێژەری نێودەوڵەتیدا توند و تۆڵ بکەین بە تایبەت لە ڕێگای سیستمی نوێی دکتۆرا و ئاڵوگۆڕی زانستیی و ئەکادیمی بەردەوام لەگەڵ زانکۆ و نێوەندە جیهانییەکانی توێژینەوەی زانستیی دا.

- بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ستراکچەر و شێوازی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا و چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە تەشریعییانەی لەسیستمی خوێندنی باڵادا هەیە، وەزارەتمان ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە ئێستا لە قۆناغی گفتوگۆ و تاوتوێکردندایە، لە ئایندەی نزیکدا دەگاتە بەردەستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت بۆ پەسەندکردنی.

- وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگی تەواو

**ئەمساڵ هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ئەوپەڕی توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی خوێندکار و قوتابی لەئامێز بگرن**

دەدات بە خوێندنی تەکنیکی، بە شانازییەوە دەڵێین کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستکردنی سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی دەرکرد کە بریتین لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی و دهۆك. ئەم زانکۆیانە بە پرۆگرام و ڕوئیای نوێوە دەرفەتی پێگەیاندنی کادیری ناوەندیی و تەکنیکی بەتوانا بۆ کەرتی گشتیی و بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەئێستادا لێژنەیەکی پسپۆڕمان پێکهیناوە بۆ دارشتنی بەرنامەکانی خوێندنی ڕاهێنان و پەیکەری زانستیی ئەو زانکۆیانە.

- یەکێك لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی وەزارەتمان بریتییە لە پاراستنی کوالێتی خوێندن و فێربوون لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا، ئەم هەنگاوەش لەڕێگای چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و پرۆسەی زانستخوازی بەردەوامەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەمساڵی خوێندن گرنگیی زیاتر دەدرێت بە دڵنیایی جۆری.

ئەم خاڵانەی ئاماژەم پێکردن هەموویان پێکەوە ئاستی زانستیی زانکۆکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەرز ڕادەگرن، حکومەت کاری گرنگ بۆ چەسپاندنی یەکە بەیەکەیان دەکات و بودجەی پێویستیان بۆ دابین دەکات.

*** ئەگەر زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان کارگەی پێگەیاندنی کەوادری ناوەڕاست و بەرز بێت، بۆ لەدوای دەرچوونی قوتابیان بێکار دەمێننەوە بەتایبەتی لەکەرتی تایبەت؟ بۆچی هەوڵنادرێت هاوسەنگییەك دروست بکرێت لەنێوان بازاڕی کارو ڕێژەی وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلێژەکان؟**

- من دەمەوێت بە ڕاشکاوی ئەو ڕاستییە بۆ ڕای گشتیی ڕوونبکەمەوە، کە تا ئێستا پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نییە بە بازاڕی کارەوە، بەڵکو پلانی وەرگرتن زیاتر پەیوەندیدارە بە وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی دەرچووانی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی، بەڵام وەزارەتمان زۆر بە وردی گەشەسەندنی بازاڕی کاری کوردستان و پێداویستییەکانی لەبەرچاو دەگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش پلانی گونجاو دادەڕێژین.

*** لەزانکۆکانی کوردستان بیرکردنەوەو ڕاوێژکاری بۆتە کارێکی لاوەکی، ئەمەش زیانی بەزانیاری و داهێنان گەیاندووە؟ پێت وانییە شێوازی ئیدارەکردنی توێژینەوە ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن؟**

- مەسەلەی ئەرکی ڕاوێژکاری بابەتێکی گرنگە، بەشێکی زانکۆکانمان تا ڕادەیەکی بەرچاو بەم ئەرکە هەڵدەستن بە تایبەتی لە بواری ئەندازیاری و کیمیا و جیۆلۆجی و نەوت، بێگومان گەشەپێدانی توێژینەوەی زانستی و تەرکیزکردن لەسەر ئەو پرسە زانستییانەی کە پەیوەندییان بە گرفتەکانی کوردستانەوە هەیە لە ئەولەویەتی وەزارەتمانە و لەو بارەیەوە هەنگاوی گرنگمان ناوە، لەمەودوا پرسیارە زانستییەکانی توێژینەوەکانمان دەبێت چارەسەری گرفتەکانی وڵاتەکەمان بکات.

*** ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت دەبێ وەزارەتی خوێندنی باڵا لەڕووی زانستییەوە ڕاوێژکاری حکومەت بێت، ئایا بەرنامەتان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی چی یە؟**

- وەزارەتمان پشتیوانی لەو بیروڕایە دەکات کە دەبێت زانکۆکان و سێنتەرەکانی توێژینەوە چاوساغی هەموو لایەنەکانی کەرتی گشتیی و تایبەت بن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەڕێگای ئاراستەکردن و کاراکردنی توێژینەوەی زانستییەوە دەستەبەر دەبێت، ئێمە لە هەموو ئاستەکانی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و ژێرخانی توێژینەوەی زانستیی و دەستەبەرکردنی پێداوستییە زانستیی و تەکنۆلۆجییەکانی تایبەت بە ژیانەوەی توێژینەوەی زانستیی هەنگاوی گرنگمان ناوە، بۆ نموونە لە بواری ئامادەکردنی توانا

**کۆی گشتیی پێشکەشکاران بۆ کۆلێج و پەیمانگاکان دەگاتە (٤٥٦٥٥) پێشکەشکار و ژمارەی وەرگیراوانیش دەگاتە (٣٢٢٣٨) قوتابی و خوێندکار**

مرۆییەکان دا لە ئێستادا بەرنامەی تواناسازی بە کارایی بەڕێوە دەچێت، تا ئێستا (٤٣٥١) کاندید هەلی خوێندن و فێربوونیان لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕەخساوە، لەو ژمارەیە نزیکەی (٢٢٠٠) کاندیدی تواناسازی لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی دەرەوەی وڵات دەستیان بە خوێندن کردووە، ئەم کاندیدانە لە ئایندەدا دەگەڕێنەوە کوردستان و دەبنە سەرمایەیەکی مرۆیی گرنگ بۆ گەشەپێدانی خوێندنی باڵا و بوارەکانی دیکەی کەرتی حکومی و تایبەت. هاوکات وەك ئاماژەم پێکرد زانکۆ ناوخۆییەکانیش هەلی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانیان ڕەخساندووە، لە ڕێگای پرۆگرامەکانی خوێندنی ماستەری ناوخۆ و پرۆژەی خویندنی دکتۆرا بە سیستمی نوێ، هەموو ئەم هەنگاوانە پێکەوە دەبنە مایەی پیشخستنی هەمەلایەنەی وڵاتەکەمان.

*** زۆرجار گوێبستی ئەوە دەبین کە بەپێی پێویست گرنگی بەپەیمانگاکان نەدراوە، پێت وانییە کاتی ئەوەهاتووە ئەو شێوازە بگۆڕدرێت؟**

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی گرنگی تەواو دەدات بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی تەکنیکی بە مەبەستی ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی بۆ دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و بازاڕی کاری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی کردنەوەی سێ زانکۆی پۆلیتەکنیك لە شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراو ئەوانیش بە سوپاسەوە بڕیاری کردنەوەی ئەم سێ زانکۆیەیان دا، ئەم هەنگاوەی کابینەی حەوتەم دەبێتە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرنگ لە خوێندنی تەکنیکی هەرێمی کوردستان. لە ڕێگای پرۆگرامی نوێی خوێندن و ڕاهێنانی پراکتیکییەوە خوێندنی تەکنیکی لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەرچاو بە خۆوە دەبینێت.

*** وێڕای کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆ ئەهلییانە، بەڵام دیسان هەست ناکرێت بەستایلێکی نوێ کار بکرێت؟ ئایا پێوەری دامەزرانی زانکۆ ئەهلی چی یەو تاچەند بەڕێزت رازی لەسەر ئەدای زانکۆ ئەهلیەکان؟**

- پلانی وەزارەتمان بریتییە لە پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت بۆ وەربەرهێنان لە بواری خوێندنی باڵا، لە ئێستادا (١١) زانکۆی ئەهلی لە کاردان بۆ خزمەتکردن بە گەشەپێدانی بواری زانستیی و ئەکادیمی و ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ دەرچووانی ئامادەییەکان، بەڵام ستراتیجی وەزارەتمان بریتییە لەوەی کە هەرگیز ناکریت خوێندنی ئەهلی بکرێتە کاڵایەکی بازرگانی بەڵکو دەبێت تەواوی زانکۆ ئەهلییەکان پابەندی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و ئەو یاسا و ڕێنماییانەی وەزارەتەکەمان بن کە تایبەتن بە مۆڵەت پێدان و متمانە بەخشین و بەردەوام بوونی زانکۆ ئەهلییەکان. لە ئێستادا پرۆپۆزەڵی داواکاری کردنەوەی (١٨) زانکۆی نوێی ئەهلی گەیشتۆتە وەزارەتمان کە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین دیراسە دەکرێن، هەر لە سەرەتاوە (١٥) داواکاری لەبەر نەبوونی مەرج و ڕێنمایی ڕەت کراونەتەوە و (٣) داواکارییەکەی تر لەژێر وردبینیدان. مەرجەکانی کردنەوەی زانکۆی ئەهلی لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکانی خوێندنی ئەهلی و دڵنیایی جۆری خوێندنی ئەهلییەوە ڕێکدەخرێن، ئەوانیش پشت بە بنەما و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان دەبەستن.

*** ئایا چی ستایلێك بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆو دانانی راگرەکان پەیڕەو دەکرێت، تاچەند ئەم ستایلە چێی ڕەزامەندی و پێشوازییە؟**

- لە ئێستادا دانانی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێج و فاکەڵتییەکان لە ڕێگای ڕاگەیاندنی پۆستەکان و پێشکەشکردنی (سی ڤی) و چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندن و پێشبڕکێوە دەبێت، بەشانازییەوە دەڵێین وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم ڕووەوە دەستپێشخەر بووە و تا ڕادەیەکی زۆریش تیایدا سەرکەوتوو بووین، بێگومان ئەم هەنگاوە بریتییە لە چەسپاندنی بنەماکانی ڕەخساندنی هەلی یەکسان و شەفافیەت، هەروەها هەنگاوێکی گرنگە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو).

*** پرۆژەی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین بۆچی وا دواکەوت ئایا ئەو پرۆژەیە بەکوێ گەیشت ؟**

- پرۆژەی کامپی نوێی زانکۆی سەلاحەددین لە قۆناغی ماستەر پلان و دیزاین دایە، کارەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەچێت و لەلایەن تیمێکی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددینەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

*** ئایا لە هەڵبژاردنی مامۆستا پێوەر هەیە بۆ ئەوەی هەرکەسێك نەیەت و خاوەنی بڕوانامەیەك بێت و بێتە ناو زانکۆوە؟**

- لە ئێستادا سیستەمی دڵنیایی جۆری لە پرۆسەی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان پەیڕەو دەکرێت، لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا چالاکی زانستی و ئەکادیمی و ئاستی مامۆستایان هەڵدەسەنگێنرێ و پەرەی پێدەدرێت، پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام بۆ مامۆستایانی زانکۆ لە پرۆژە هەرە زیندووەکانی وەزارەتمانە و لە ڕێگای سیستمێکی داڕێژراوەوە جێبەجێ دەکرێت.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە مامۆستای زانکۆ هەیە تا ئێستا کۆمپیوتەر بەکار ناهێنێت، بەرنامەتان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایانی زانکۆ چی یە؟ جگە لە سەفەرکردن و ئیفاد کە بۆتە ململانێیەك لەنێوان زۆر لەمامۆستایاندا بۆ ئەوەی زۆرترین هەلی ئیفادو گەڕانیان دەستکەوێت ؟**

- مامۆستایانی ئازیزی زانکۆکان بە کارێکی پیرۆز هەڵدەستن، لەگەڵ ئەوەی لە سیستەمی دڵنیایی جۆریدا ئاستی زانستیی و ئەدائی مامۆستایان چاودێری دەکرێت، لە

**کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستکردنی سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی دەرکرد کە بریتین لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی و دهۆك**

**پرۆژەی کامپی زانکۆ نوێیەکان دەستپێکردووە و پرۆژەی ماستەر پلان و دیزاینی کامپی نوێی زانکۆی سەلاحەددینیش لە پرۆسێسدایە**

**دەبێت زانکۆکان و سێنتەرەکانی توێژینەوە چاوساغی هەموو لایەنەکانی کەرتی گشتیی و تایبەت بن**



هەمان کاتدا ئەرکـــی زانکۆکان و وەزارەتمانە کە دەرفەتی پەرەپێدانی توانای مامۆستایانی زانکۆ برەخسێنین، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە نەوەیەك لە مامۆستایانی زانکۆکانمان لەژێر کاریگەری دابــڕان و گەمارۆی ئابووری و بارودۆخی سەختی عیراق دا دەرفەرتی فێربوون و ئاشنابوونیان بە تەکنۆلۆجیا بۆ نەڕەخساوە، ئەرکی ئێمەیە کە هاوکارییان بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی گرنگمان ناوە، بەتایبەت لە ڕێگای ڕێکخســتنی خولــی ڕاهێنان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات و کاراکردنی پرۆژەکانی پۆست-دکتۆرا و ساباتیکاڵ بۆ مامۆستایان و ستافی زانکۆ و پەیمانگاکانمان.

*** بۆچــی لەزانکۆکانــی کوردســتان مەکتەبەیەکی ئەلەکترۆنیمان نییە؟ یا تاقیگەو پێداویستی پێشکەوتوو کەمە؟**

-بەدڵنیاییــەوە دەڵێم گەشــەکردنی ئابووری کوردســتان و کرانەوە بە ڕووی دونیای دەرەوە و ســەرکەوتن و گەڕانــەوەی کاندیدەکانــی تواناســازی لــە دەرەوەی وڵات گۆڕانکاری گەورە لەگــەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئێمە پلانمان هەیە بۆ ئــەوەی زانکۆکانمان ببەســتینەوە بــەو داتابەیســە جیهانیانەی کــە کتێب و ســەرچاوە گرنگە ئەلکترۆنییەکان دەستەبەر دەکەن، ئــەم پرۆســەیە کات و گۆڕانکاری کەلتوری دەوێت، ســێنتەرەکانی توێژینەوە و تاقیگەکانمان گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا پلانمان هەیە بۆ گەشەپێدانی زیاتریان.

*** با کەمێك بێینە سەر قوتابیان و خوێندکاران؛ وەکو ئــەوەی بیســتوومانە لــەم کابینەیە تاڕادەیەك گوێبســتی و خواستی قوتابیان و ڕێکخراوەکانیان بووی بەپێچەوانەی وەزارەتی پێشووەوە، ئایا تاچ ئاستێك بڕوات بەداواکاری و خواستی قوتابیانەو گوێیان لێ رادەگریت؟**

- مــن بــەش بەحاڵی خۆم بــاوەڕی تەواوم بەگرنگی توێژی قوتابیــان و خوێندکارانە، ئــەوان ســەرکردەی ئاینــدەن و دوارۆژی وڵاتەکەمان لە چــاوی ئەواندا دەبینم، دەبێت گوێیــان لێبگریــن، پشــتیوانی داخوازییە ڕەواکانیان بین، دەرفەتیان بدەین بەشداربن لە دروستکردنی بڕیار لە ناوەندەکانی خوێندن، من هەمیشە بە شێوەیەکی نەتەوەیی بیر دەکەمەوە و ڕەفتــار دەکەم. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت قوتابیان و خوێندکارانیش ئۆباڵی گرنگیان لە ئەستۆیە، دەبێت کارەکانیان پرۆفێشناڵ بێت و سازش لەسەر پاراستنی کوالێتی خوێندن و فێربوون نەکەن.

**دەبێت تەواوی زانکۆ ئەهلییەکان پابەندی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و ئەو یاسا و ڕێنماییانەی وەزارەتەکەمان بن**

*** وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان هەنگاوەکانیان بۆ خزمەتــی خەڵکە، ئێوە مامەڵەتان لەگەڵ خوێنــدکارە، ئایــا نەخشــەی ڕێگاتان بۆ خزمەتکردنی ئەو توێژە چی یە؟**

- زانکــۆ و دامەزراوەکانی دیکەی خوێندنی بــاڵا لە پێنــاوی پێگەیاندنــی قوتابییان و خوێندکارانــە، هەمــوو ئەو کارانــەی ئێمە دەیکەین بۆ پــەروەردە و پێگەیاندنی ئەوانە، ئێمە دەمانەوێت کەشــێکی شیاو و تەندروست برەخســێنین، خوێندکاران و قوتابیانی ئێمە بە جۆرێك ئامادە بکەیــن کە دوای تەواوکردنی خوێندنیــان نەك هەر لە بازاڕی کوردســتان بەڵکو لە سەر ئاســتی نێودەوڵەتیش توانای پێشبڕکێیان هەبێت.

*** ئــەو ململانێ و کێشمەکێشــەی لە نێوان قوتابیان و زانکۆدا هەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ پێت وا نی یە جۆرە لێکتێنەگەیشــتنێك لەم ڕووەوە هەیە؟**

-قوتابیــان و خوێنــدکاران توێژێکــی بزێو و زینــدووی کۆمەڵگــەن، خــەون و هیــوا و داواکارییــان زۆرە، هەندێــك جــار ڕەنگە کێشمەکێش و ململانێی لێ بکەوێتەوە، بەڵام دەبێــت هەموو لایەك بە حیکمەت و وریاییەوە مامەڵەیــان لەگەڵ بکەین، بەڵام خوێندکاران و قوتابیانیــش دەبێت لەو ڕاســتییە تێبگەن



که ئەوانیش بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆیە، هەربۆیە دەبێت هەتا دەتوانن بە ووردبینی و بە هۆشیاری ڕاو بۆچوون و داخوازییەکانیان بگەیەنن.

*** پێت وانییە پێویستە پەیوەندی نێوان (خوێندکارو مامۆستا لەلایەك و مامۆستاو ئیدارە لەلایەکی تر) داڕێژرێتەوە؟**

- پەیوەندیی نێوان خویندکار و مامۆستا لە چوارچێوەی میکانیزمێکی زانستیی و مۆڕاڵی و یاسایی دا ڕێچکە دەگرێت، کەلتور و تەکنۆلۆجیا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام لەو پەیوەندییەدا هەردوو لایەنی خوێندکار و مامۆستا سنور و بەرپرسیارێتییان هەیە، هەرچی پەیوەندیی مامۆستا و ئیدارەیە زیاتر پەیوەندییەکی دینامیکییە و یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەری هەیە، بێگومان لایەنی (زاتی) ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت.

**پلانمان هەیە بۆ ئەوەی زانكۆكانمان ببەستینەوە بەو داتابەیسە جیهانیانەی کە کتێب و سەرچاوە گرنگە ئەلکترۆنییەکان دەستەبەر دەکەن**

*** بۆچی تەمەن لەپرۆسەی خوێندن حسابی بۆ دەکرێت بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، ئایا پێت وانییە ئەم مامەڵەکردنە لەجیهانی پێشکەوتووی پرۆسەی خوێندن بوونی نییە؟**

-بابەتی مەرجی تەمەن لە خوێندنی زانکۆ و خوێنندنی باڵا و بەرنامەکانی دیکەی تواناسازی و ناردنەدەرەوە گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە، خۆتان دەزانن بۆ هەردوو خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا کورسییەکانی خوێندن سنووردارە و پیشبڕکێی زۆری لەسەرە، هەر بۆیە هەمیشە لە پێشبڕکێ دا مەرجی تەمەن حسابی بۆ دەکرێت، لە هەمان کات دا هەوڵمان داوە هەرچەند پێمان بکرێت میچی تەمەن بەرز بکەینەوە و کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگیشمان لەم بارەیەوە ناوە بۆ نموونە:

- دەرچووانی ئامادەیی تا تەمەنی (٣٠ساڵی) بۆیان هەیە لە خوێندنی بەیانیان وەربگیرێن (کە ساڵانی پێشوو تا ٢٥ ساڵی وەردەگیران). بۆ خوێندنی ئێواران تا (٣٥ ساڵی) وەردەگیرێن (کە ساڵانی پێشوو تا ٣٠ ساڵی وەردەگیران). هەروەها بۆ خوێندنی پارالێل تا (٤٠ ساڵی) وەردەگیرێن (کە ساڵی پار تا ٣٥ ساڵی وەردەگیران). بۆ خوێندنی ماستەر تا (٤٥) ساڵی وەردەگیرێن کە ساڵانی پێشوو تا ٤٠ ساڵی بوو.

*** ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکییەوە (واتا امتحان خارجی) نمرەی (٨٥) و بەرەو ژوور بەدەست بهێنن مەرجی تەمەنیان لەسەر لابراوە؟**

-سەبارەت بە مەرجی تەمەن لە بەرنامەی تواناسازی بۆ خولەکانی ئایندە، دەستەی باڵای بەرنامەی تواناسازی بڕیاری دا مەرجی تەمەن هەموار بکات، بە جۆرێك داواکار بۆ خوێندنی ماستەر تەمەنی لە ٤٠ ساڵ زیاتر نەبێت (کە پێشتر ٣٥ ساڵ بوو) بۆ خوێندنی دکتۆراش لە ٤٥ ساڵ زیاتر نەبێت (کە پێشتر ٤٠ ساڵ بوو).

**تا ئێستا (٤٣٥١) کاندید هەلی خوێندن و فێربوونیان لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕەخساوە. لەو ژمارەیە نزیکەی (٣٢٠٠) کاندیدی تواناسازی لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی دەرەوەی وڵات دەستیان بە خوێندن کردووە**



# نەجاتی عەبدە ئەو نەیژەنەی زمانی نەی پژاند*

کاتێك هونەرمەندی سوێدی بێرگمان باسی لە هونەری وێنەگری سینەمایی دەکات، دەڵێت( دەبێ کامێرا چاوێ بێ لەسەری شاعیردا...)

ئەی ئەگەر ئامێرێکی نای بە دەست و پەنجەو لێوانی نایژەنێکی دڵژەنەوە بێ، چۆن چۆنی دەژەنێت،(گۆران)ی گوڵدەستەی شاعیرانی سەدەی بیستەم،لەمەڕ(دەروێش عەبدوڵڵای شمشاڵژەن) شیرینی فەرموەوە:

***((بە ڕەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا،دەروێش حەزم کرد بەستەیەك ببیستم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش، وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ!..***

***بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار***<br>
***وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا***<br>
***بەڵام تەختی ڕوفاهو تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار***<br>
***بە ئوستادێ ئەدا وەك تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا))***

هەر چۆن مامۆستا نەجات خولیاو ئەڤینی هونەر کردییە سەرقافڵەی نەیژەنانی گەلێك، هەرچۆن ئازایانە بەرەنگار بوو، دلێرانە خۆی ڕاگرت و،بەگژ چەشنەها ڕەشەبای دژواردا چوویەوە، ئاکام گرەوی بەختی هونەرمەندانەی بردەوە ((وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن.))

مامۆستا ئەحمەد سالار گێڕایەوە((لە دوایەمین دیداری من و ئەو هونەرمەندەدا،لە شەوی ٢٠١٢/١١/٤ و لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سویددا،جوانترین دیاری خەڵاتی گیانم کرد، کاتێ کاکە دلێری کوڕی نایەکەی بۆ هێناو لەو ئێوارە خوانە خێزانییەدا نایەکەی نا بە لێوانییەوەو پەنجە زێڕینەکانی کە شیلەی جاویدانی هونەریان لێوە دەچۆڕا، بە زمانی دڵ و گیانی هونەر گەشەی بەخشییە هەستی هەمووان و سلێمانییەکەی جارانی لەسەر ئەو خاکی دوورە وڵاتەوە بونیاد نایەوە، هەمان هەست و هەمان سۆزو هەمان خرۆش و هەمان بۆکرووزی سۆزەی گڕ گرتنی جەرگ و پەراسووی، گوتم:تۆش مامۆستا هەردی یە باڵاکە دڵم هەر ئەو دڵەی جارانەوە دەناڵێنی))

کاکە نەجات تۆ ئەو نەیەت کردە هاوەڵ و هاوخەمی و هاوتەمەنت و زاری خەم و خولیاکانت بەو زارە تەنگە سپارد کە زمانی ژان و خەم و خاکی لێوە دەشنێ، ئەو نایەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی لە چامەی پیرۆزە شاکارەکەیدا (چامەی نەی) کاتێ پێمان دەناسێنێ:

***بشنواز نی چون حکایت می‌کند***<br>
***از جدایی‌ها شکایت می‌کند***

واتە:

***((گوێ لە نەی بگرە و ببیستە، سەرگوزەشتەی باس دەکات***<br>
***چۆن سکاڵای پڕ لە ژانی جودایی خۆی دەکات***<br>
***لەو دەمەی لە قامیشەڵانی هەواری دابڕا***<br>
***بۆی لە شین دان نێرو مێ وا لە خاك و خوێ کرا***<br>
***وا بە سینەی پارە پارەی کون کونی دووری دیار***<br>
***دەردو داخی بێ نەوایی و پڕ لە ئاخی دێ لە زار***<br>
***ئەو کەسەی دوورە وڵات بێ هەر تەمای دیدارییە***<br>
***نوقمی خولیای خەستەژانی، ئەو دەمەی، ئۆخەییە))***

بۆیە دیمانەی هونەرمەند کاکە نەجاتی خاڵە عەبدەی خۆمان لە تەك هەر حەرفێکدا دنیایەك وروژان و هەژان و سەرهەڵدانی هەزارو یەك ڕەنگە سۆزو ئاوازە، ئەو هونەرمەندەی ناسرا بوو بە کوڕە قیت و قۆزو شۆخ و شەنگەکەی شار، بە هونەرمەندە بۆشناخ و سەربەرزەکەی شار.. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە..

* بۆ ڕێزگرتن لە نەیژەنی گەورە مامۆستا نەجاتی عەبدە، هونەرمەند ئەحمەد سالار پێشەکی بۆ ئەم دیمانەیە نووسیوە

نەجاتی عەبدە (نەیژەنی گەورەی کورد) بۆ گوڵان:

# لەگەڵ هونەرمەندانی تیپی موسیقای مەولەوی سروودی پێشمەرگە و سڵاو لە پارتیمان بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان تۆمارکرد

**بارزانیی نەمر بەوە زۆر دڵخۆش بوو کە گەنجانی کورد ئەو هەموو سرووده خۆش و شۆڕشگێڕییە پێشکەش دەکەن**









**هەتا ئێستا هیچ کام لەو ئێستگانەی سروودەکانی (شەهیدان و پارتی پێشڕەوی گەل و وڵاتە) بڵاو دەکەنەوەبە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکەن شاعیرو ئاوازدانەرەکەی کێن و لە چ کاتێکی دژواردا دانراون و چۆن تۆمار کراون**

■

**چەند جارێك لە سلێمانییەوە پۆلیس و (ئەمن) یان دەناردەسەرمان. لەگەڵ چەند موعاونێکی پۆلیسدا هەر لەو دەشتە پێشیان لێ دەگرتین و ئامێرە مۆسیقییەکانیان دەشکاندین و بەربەرەکانێیان دەکردین و بە زۆری زۆرداری ئاهەنگەکەیان پێ دەوەستاندین**

■■

**بە (قادر دیلان)م وت. بۆ فێری مەقامەکانم ناکەیت و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەم شارەدا ڕچەی دامەزراندنی تیپێك نەشکێنین تا بەهۆیەوە خزمەتی مۆسیقای کوردی پێ بکەین**

■■■

**ئەو کاتەی مۆسیقا، زاهید بە دەنگی نای ڕادێنێ**

*** لە ڕۆژانێکی سـەخت و دژواردا، بەڕێزتان تەمەنی گەنجایەتی و لاوێتی خۆتان بۆ خزمەت گەیاندن بە مۆسیقاو دانانی ئاوازە بەجۆشەکان دەبردەسەر، ئەگەر بکرێت باسی ساتە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژانەمان بۆ بکەیت؟**

- نازانم لە چرکەسـاتە واتادارە خۆشەکانەوە دەست پێبکەم یان لە کاتە دژوارو ناخۆشـەکانەوە، بە هەردووباردا یادگاری ئەو کاتانەمان گەلێك زۆرن، بـاوەڕ ناکەم وا بەئاسـانی و ڕاگوزاریی بتوانم لە چەند دێڕێکدا ئاوا سەرپێی باسی هەمووی بکەم، بەڵام ئەوەی بە زیندوویێتی لە یادما مابێتەوە، بێشك حەز دەکەم بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی گۆڤارەکەتان.

*** ئەگەر لەوەوە دەسـت پێبکەین ئاخۆ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای مەولەوی کە دێرینترین تیپی مۆسیقای کوردییە و ڕۆژی دامەزراندنیشی وەك وەرچەرخانێك بە پرشـنگدارترین ڕۆژ بۆ مۆسیقای کوردی ناسراوە، کە بەڕێزیشتان لە دامەزرێنەرانی ئەو تیپەدا بوون، حەز دەکەین لە زاری خۆتانەوە سـەربوردەو هۆکار و هەلومەرجەکانـی دامەزراندنی تیپەکە باس بکەن کە چۆن تینی گەرمی خسـتە ناو دەمارەکانی مۆسـیقای کوردییەوە؟**

- لە ساڵانی پەنجاکانەوە دەستم کردووە بە ژەنینی مۆسیقاو خۆم فێری ژەنینی ئامێری نای و شمشاڵ کردو ڕۆژانەش بە تەنیا چەند کاتژمێرێك لە ماڵەوە ئەو ئامێرەم لێـدەداو زۆریش حەزم لە ژەنینی بوو، پاش چەند ساڵێك، بیستم کە کوڕێك هەیە ناوی (قادر دیلان)ە وە، ئامێری کلارنێت دەژەنێت و کەمێك ناسیاویشمان لەگەڵیدا هەبوو، پێوەندیم پێوە کردو پێم وت بۆ فێری مەقامەکانم ناکەیت و بۆ یەکەمینجار لە مێژووی ئەم شـارەدا ڕچەی دامەزراندنی تیپێك نەشـکێنین بۆ ئەوەی خزمەتی مۆسـیقای کـوردی پێ بکەین، لە وەڵامـدا ئەویش وتی: زۆر دەمێکە دەگەڕێم بۆ

**(سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆ بوو، کە داواکارییەکەمان دەچێتە بەردەمی یەکسەر دەڵێ: بۆ ئەوەی ئەو کورە گەنجانەی سلێمانی زۆر خەریک نەبن بە سیاسەتەوە، مۆڵەتیان پێ بدەن تیپەکەیان دابمەزرێنن، هەرچەندە ئێمە لەژێر پەردەی هونەردا ئامانجمان کاری سیاسی بوو**

■

**پاش هاتنی رژێمی سەرکوتکاری بەعسی، ئێمە کەوتینە بەر فشارێکی زۆرەوە، دەیانەویست بۆ بەعس و عەسکەریەکانی ناو سوپا ئاهەنگ بگێڕین و لە بەرژەوەندی رژێمدا خزمەت بکەین، بەڵام ئێمە هەرگیز نەکەوتینە ژێر فشارەکانیانەوە**

■■

**(نوری وەشتی) هۆنراوەی سروودەکانی دایە دەستم و وتی فەرموو بزانم چیدەکەی؟ منیش ئاوازم بۆ دانان، شیعرەکان بۆ ئەو کاتەی شۆڕش زۆر بەهێز و کاریگەر بوون**

■■■







یەکێکــی وەك تۆ تا لە کارێکی وا پیرۆزدا هاوکاریم بکات، چونکە من و چەند برادەرێکی دیکەش هــەن ئەوانیش ئامێری عودو کەمان دەژەنن و ئەو ئارەزووەیــان هەیە بۆ ئەوەی تیپێــك دابمەزرێنین، پاش ماوەیەك چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامداو دەســتمان بە پڕۆڤە کرد، لەو ماوەیەدا خوالێخۆشــبوو (قادر دیلان) کە لە ســاتی خۆیــدا ئاوێنەیەکی باڵانما بــوو بۆ هونەر، چەند مەقامێکی فێرکردم و توانیم تێیاندا ســەربکەوم و رەزامەندی ئەو بەدەست بهێنم، ئیتر دوای ئەوە بە هەستێکی بێ پایانەوە لە بۆنەکانی جەژنی نەورۆزو یادە نیشتمانیەکاندا بەشداریمان دەکرد، وای لێ هات لەناو جەماوەردا ناومــان بڵاوبۆوەو زۆر حورمەت و رێزیان لێ دەگرتین، پاش ئەوەی خوالێخۆشبوو (قادر دیلان) بەهۆی خەریك بوونی بە کاری سیاســییەوە لە کۆلێژی ئابــووری بەغدا دەرکراو گەڕایەوە بۆ سلێمانی، پێوەندی بە من و برادەرانەوە کردو پێی راگەیاندین کە جارێکی تر ناتوانێت بچێتەوە بەغدا، بۆیە پێویســتە تیپی مۆسیقای (مەولەوی) گەشــە پێبدەین، ئینجا کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ برادەرە هونەرمەندەکانی وەك خوالیخۆشــبووان ((شــێروان بەهجەت، رەشید ســەعاتچی، حاتەم سەعید، هەروەها هادی عەنبەر و ئومێد مەدحەت موبارەك)) ئەنجامداو بە هاوکاری چەند کەســایەتییەکی دیکەش کە ئەوانیش هەســتیان بۆ مۆســیقا وەك ئەوە بوو لە کورەی ئاسنگەرا جۆشی خواردبێت، پێکەوە بۆ دامەزراندنــی تیپەکە مۆڵەتێکی فەرمیمان پێشــکەش کرد، تا ڕێگە بە تیپەکە بدرێت بێ ئەوەی کەس بتوانێت بەربەســتی بۆ دابنێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، داواکارییەکەمان لە ڕێگای موتەسەریفی ئەو کاتی ســلێمانی بۆ بەغدا نێردرا، لەو کاتەشدا (سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆ بوو، کە داواکارییەکەمان دەچێتە بەرچاوی، بێ دوودڵی، یەکسەر دەڵێت: زۆر باشــە، بۆ ئەوەی ئەو کوڕە گەنجانەی سلێمانی زۆر خەریکی کارو چالاکی سیاسەت نەبن و بە مۆسیقاوە خەریك بن، مۆڵەتیان پێ بدەن

تا ئەو تیپە دابمەزرێنن، ئەو وەزیرە بێ ئاگا بوو لەوەی لە بنەڕەتدا ئێمە ئامانجمان برەودان بوو بە کاری سیاسی بەڵام لەژێر پەردەی هونەردا.

دوای ئەمە بەفەرمی تیپی مۆسیقای (مەولەوی)مان دامەزراندو کەوتینە پێشکەش کردنی ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی و جەماوەریش پشتگیرییەکی باشی کارەکانی ئێمەیان دەکرد، بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی، ئەمەش وای لە تیپەکە کرد کە زیاتر گەشە بکات و زیاتر پێشبکەوێت و چێژی هونەری تەشەنە بکات و ڕێگەخۆشکەریش بێت بۆ دامەزراندنی ( کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان)و حکومەتیش بۆ ئەمە ڕێگای پێداین و لە هەموو بوارەکاندا دەستکرا بە ئەنجامدانی کاری هەمەجۆری هونەری، ئیتر بەم شێوەیە ناوبانگی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە سەرانسەری کوردستان بڵاوبۆوە، تا وای لێهات لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش چەند لقێکی لێ کرایەوە.

*** وەك ئاگادارین لە ڕووداوێکی مێژوویداو لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی مەزندا، دەسەڵاتی ئەو کاتی ڕژێمی فەرمانڕەوا تیپی مەولەوی لە چالاکییەکانی خۆی ڕاگرت، ئەمەیان چۆن بوو؟**

- حکومەتی ئەوسای ئەو زەمانەی عێراق، وەك هەموو حوکمدارە بێگانەکانی کە کوردیان دەچەوسانەوە، نەیدەویست ئێمە وەك کۆمەڵێك هونەرمەندی بە جۆش بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و وریاکەرەوەی خەڵکی بۆ تێکۆشان بوونمان هەبێ و لەو پێناوەدا پێوەندیمان بە قوتابیان و توێژەکانی تری خەڵکی ناو شارەکانەوە هەبێت، ئێمەش بە پێچەوانەی ویستی هەڵبزرکاوی ڕژێمەوە،لە هەموو بوارێکی هونەریدا گەشەمان بە پێوەندییەکانمان دەداو بە لق و پۆپەکانی هونەرەوە خزمەتمان بە خولیاو ئامانجە مەزنەکانی جەماوەر دەگەیاند، نەك تەنیا بە مۆسیقا بەڵکو لە ڕێگەی نمایشکردنی شانۆگەری و سازکردنی پێشانگای نەخشە و وێنەداریشەوە ..تاد.

تا دوایی وای لێهات بۆ تیپەکەی ئێمە، چاودێرو سانسۆرمان لە دوا بێت، بۆیە دەبوایە بۆ گێڕانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی شوێنی دوورەشار هەڵبژێرین، چاریشمان نەبوو، هەر دەبوایە بچوینایە بۆ ڕێگای هەڵەبجە، یان لە پێدەشتی شارەزوور و ڕۆخی ئاوی زەڵم، لەوێ کاری گۆرانی و مۆسیقامان ئەنجام بدایە، بەڵام لەوێش هەر بە لێشاو خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ گوێگرتن لە کارەکانمان، بۆیە چەند جارێك لە سلێمانییەوە پۆلیس و (ئەمن) یان دەناردەسەرمان، لەگەڵ چەند موعاونێکی پۆلیسدا هەر لەو دەشتە پێشیان لێ دەگرتین و ئامێرە مۆسیقییەکانیان دەشکاندین و بەربەرەکانێیان دەکردین و بە زۆری زۆرداری ئاهەنگەکەیان پێ دەوەستاندین و دەیانگوت دەبێ بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، لەوێش لە قوتابخانەکاندا بە توندی سەرکۆنەیان دەکردین و بە هەڕەشەو گوڕەشەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردین.

سەرەڕای ئەمەش ئێمە کۆڵمان نەدا و لە پێشکەشکردنی ئاهەنگ و گۆرانی بۆ جەماوەر هەر بەردەوام بووین، بەڵام بەربەرەکانێ و فشارێکی زیاترمان دەخرایە سەر، بەجۆرێك کار گەیشتە ئەوەی تیپەکە نەتوانێت لە هیچ جێگەیەك چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات.

## وەرزی فڕین لە یادوەرییەکاندا دەژییێتەوە

*** وەك هونەرمەندێك ناسۆرو تاڵی زۆرتان چەشتووە، هەروەها ئەگەر ساتەوەختی شیرینیشتان نۆشی بێت، هەر لە پەرداخی تاڵیدا بووە، چی دەڵێن سەبارەت بە یادگاریەکانی ژیانتان، پێمان خۆشە پوختەیەکی لێرەوە لێ باس بکەن؟**

- پاش هاتنی ڕژێمی سەرکوتکاری بەعس، ئێمە کەوتینە بەر فشارێکی زۆرەوە، دەیانەویست بۆ بەعس و عەسکەریەکانیان ئاهەنگ بگێڕین و لە بەرژەوەندی ڕژێمدا خزمەت بکەین، بەڵام ئێمە هەرگیز نەکەوتینە ژێر فشارەکانیانەوە، تا وای لێهات بە ئاشکراو بە ڕۆژی نیوەڕۆ دەهاتنەسەر شارەوانی، کە من ئەو کات لەوێ فەرمانبەر بووم، وتیان ئەگەر نەیەن بۆ ئاهەنگەکانمان ئەوا هەمووتان دەگرین و لە زیندان دەتانپەستین، منیش چوومە لای بەڕێوەبەری شارەوانی کە ئەو کات خوالێخۆشبوو (عیزەت کابان) بوو پێیم وت: شتێکی وامان پێدەڵێن، ئەویش وتی هەنجەتێك بدۆزنەوە کە بۆتان ناکرێت، بۆیە من پێم وتن: هونەرمەندەکانی دیکە پەرش و بڵاو بوونەتەوەو یەکێکیان ڕۆیشتووەو یەکێکیان نەساغەو ئەوانی تریش نەقڵ کراون و منیش بە تەنیاو بەشمشاڵێکەوە هیچم پێناکرێت، کەچی وتیان بڕوامان بەم قسانەت نییە، خۆمان دەزانین چۆن هەقتان لێدەکەینەوە.

*** چ یادگارییەکتان لەگەڵ بارزانی نەمردا هەیە؟**

- من خۆم یەکێك بووم لەو هونەرمەندانەی کە بە فەخرەوە پێشوازیمان لە سەرۆکی نەمر (مستەفا بارزانی)و هەڤاڵانی کرد دوای گەڕانەوەی لە ڕووسیاوە بۆ عێراق، بە بیرم دێت لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی ئاهەنگێکی گەورەمان ساز کردو بارزانی نەمر زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە گەنجانی کورد بتوانن ئەو هەموو سروودە خۆش و شۆڕشگێڕییە لە پێناوی خاك و نەتەوەکەیاندا پێشکەش بکەن، ئیتر دوای چەند ساڵێك ناخۆشی و نەهامەتی و



تیپی مۆسیقای مەولەوی ١٠-١٠-١٩٥٨

### تیپی مۆسیقای مەولەوی

• لە ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە، ئەندامەکانی لە بەهرەمەندە مۆسیقازانەکانی کورد بوون، لەوانە: قادر دیلان، ولیەم یۆحەنا، بەهجەت ڕەشید، نەجاتی عەبدە، حاتەم سەعید، هادی عەنبەر، ئومێد مەدحەت موبارەك، سەردار ڕەمزی، ساجید ڕەفیق، قادر کوردی، شەوکەت ڕەشید، نووری بەدەوی.. لەگەڵ دەنگخۆشانی وەك: ڕەشۆڵ، حەمەساڵح دیلان،حەمەی بەکر، باکووری، شەماڵ صائیب، قادری حاجی حسێن، عەلی مەردان، حەمەی ماملێ، سێوە، ئیبراهیم محەمەد، ڕەفیق چالاك، عومەر ڕەزا، فەرەجی حاجی ڕەشید، عوسمان سابونچی خەلیلی سدیقی، بەختیار عەبدولڕەحمان..

• ساڵی ١٩٥٧ بە شێوەی فەرمی ئەم تیپە ڕێگای پێکهاتن و ئیشکردنی پێ درا هەر بە ناوەکەی خۆیەوە..

• ئەم تیپە ڕۆڵێکی یەکجار بە پیت و فەڕو پڕ بەرووبوومی لە پێگەیاندن و خەملاندنی هونەری سازو ئاوازی کوردیدا هەیەو تا نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە..

((ئەم زانیاریانەمان لەسەر تیپی مۆسیقای مەولەوی لە لاپەڕە ١٦٠ ی بەرگی سێیەمی کتێبی سلێمانی شارە گەشاوەکەم وەرگرت کە لە نووسینی جەمال بابانە))

ململانێ لەگەڵ دەستەندەو پیاوانی سەر بە حوکمی بەعس و ئازاردانم، ناچار بووم خۆم و خێزانم لە کوردستان دوور بکەوینەوەو روو لە هەندەران بکەین و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووین، ئێستاش بە ئاواتی ئەوەین گەلی کوردستان رۆژێك لە ڕۆژان بگاتە ئامانجی سەرفرازی خۆیی و ئێمەش بگەڕێینەوە وڵاتەکەی خۆمان، چونکە هەمیشە لە یادمان دەرناچێت.

*** گرتن و بەندکردنتان لە پاش خۆپیشاندانێك لە سەردەمی پاشایەتیدا، کە بەو هۆیەوە ئاکامی خراپی بەسەر ژیانتانەوە دروستکرد، بەتایبەتی لە کیس چوونی خوێندنتان، دەکرێ ئەوەشمان بۆ باس بکەی؟**

- لە ساڵانی پەنجاکاندا حکومەتی عێراق بڕیاریدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و خەڵك بۆی هەبوو بەشداری بکەن، لەو کاتەدا هەروەك هەموو گەنجانی کورد بە تاسەوە پێوەندیم بە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە کردو یەکێك بووم لەو گەنجانەی کە لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەدا لە ناوچەی (قەرەداغ)، ئەرکی ئەنجامدانی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنمان پێ سپێردرا بوو، ئەوەی من بیتەوە یادم خوالێخۆشبووان (ئیبراهیم ئەحمەد، مەعروف بەرزنجی، نووری ئەحمەد تەها) لە ناوچەی سلێمانی پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، شەوێکیان تاکو بەیانی لە دێی سێوسێنان ماینەوە تا دەست بە پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن بکەین، بەڵام پۆلیس هاتنە سەرمان و ڕێگایان لێگرتین و چەند کەسێکیشمان قۆڵبەست کراین و گرتیانین و دوای ماوەیەك داوایان لێکردین ئامادە بکرێین بۆ بەردەم دادگا،شەش مانگ زیندانی کرام و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە قوتابخانەش دەرکرام، ئەو کاتە لە پۆلی (٣)ی ناوەندی بووم، دوای ئەوە چیتر نەمتوانی بچمەوە قوتابخانەو بەر خوێندن، بۆیە لە شاری سلێمانی بووم بە نەخشەکێشی بەشی ئەندازیاری شارەوانی ئەو شارە، دوای ئەوەش چەند جارێکی دیکەش بە تۆمەتی ئەوەی کاری سیاسی دەکەم، گیرام و لەژێر ناوی مۆسیقاو بەو هەنجەتانەوە زۆر بە زەحمەت لە دەستی ستەمکاران رزگارم دەبوو.

## ئەو دوو سروودەی ئێزگەکەی پێ کرایەوە

*** بەڕێزتان نەك تەنیا وەك ژەنیار بەڵکو وەك ئاوازدانەریش دوو سروودی پیرۆزی گەلی کوردستان(ئەی شەهیدان و پارتی پێشڕەوی گەل و وڵاتە)تان لە ڕۆژانێکی سەختدا ئامادە کردو وەك دەسکە گوڵێکی هونەری، خەڵاتی ڕادیۆی دەنگی کوردستانتان کرد، سەربوردەی ئەم دوو سرووده چی بوون، ئەی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و شاعیرەکانی کێ بوون؟**

- دوای دەستپێکردنی شۆڕشە مەزنەکەی گەلی کوردو دواتر ئەو سەرکەوتنانەی لە هەموو بوارەکاندا ئەو شۆڕشە بە دەستیهێنا، ڕۆژێکیان نامەیەکم لەلایەن خوالێخۆشبوو (سەیدا ساڵح یوسفی)یەوە بۆ هات، ئەوەیش بە دەستی خوالێخۆشبوو (ڕەفیق)ی برامەوە پێم گەیشت، کە ئەو کات پێشمەرگە بوو لە ناوچەی ئاوەکورتێ، لە نامەکەدا نووسرا بوو: برای بەڕێز کاك نەجاتی عەبدە دوای ئەوەی توانیمان ئێستگەیەکی ڕادیۆیی پەیدا بکەین، دەمانەوێت دەسپێکی ئێستگەکە بە چەند سروودێکی تازە بکەینەوە، زۆرمان پێخۆش دەبێت کە بە زووترین کات ئەو سروودانەمان پێ بگات.

منیش پێوەندیم کرد بە بەڕێزان کاك (نوری وەشتی و جەلال عەزیز)و پێمۆتن کە لە مەکتەبی سیاسییەوە نامەیەکی وام بۆ هاتووە، ئەدیب و نەتەوەپەروەری کورد (نوری وەشتی) بێ ڕاوەستان وتی: من دەتوانم هۆنراوەت بدەمێ و تۆ ئاوازی بۆ دابنێیت، پاشی سێ ڕۆژ، دوو هۆنراوەی بۆ هێنام و وتی: فەرموو ئەوەتان، بزانم تۆ چی دەکەی؟ کە هۆنراوەکانم خوێندەوە، زۆرم بە دڵ بوون، چونکە پڕ بە قاڵبی ئەو کاتی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوون.

**یەکەمیان دەڵێ:**

(سڵاو لە پارتی دیموکراتی کورد)
(ئەو پارتەی ئاڵای شۆڕشی هەڵکرد).تاد.

**دووەمیشیان دەڵێ:**

(دایە گیان توخوا بەسیەتی گریان)
(بەسە ئاخ و ئۆف بەسە سینگ کوتان)
(وا کوردێك کوژرا من لە شوێنی ئەو)
(شەرت بێ خەبات کەم چاوم نەچێتە خەو)
(تاکو ئەبینم بەزینی دوژمن)
(کورد هەڵ ئەکات ئاڵای سەرکەوتن...)

دواتر ئاوازم بۆ هەردووکیان دانان، واتە سروودەکە لە هۆنراوەی نوری وەشتی و لە ئاوازی خۆم بوو، ئینجا کە ڕووبەڕووی گرفتی تۆمارکردنی دەنگ و ڕێکخستنی کۆرس بووینەوە، حزب پێی ڕاگەیاندین کە بۆ بەرژەوەندی خۆتان و حزب باشترە کەمترین کەس بەشداری ئەم کارە بکات تا لە چاوی دوژمن پارێزراو بن، دوایی ماڵی کاك حاتەم هەڵبژێردرا کە تێیدا تۆماری بکەین، ئیتر بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی حزب لەوانە (جەلال عەزیز، فەرەیدون دارتاش، نەجات مەحوی، خۆم، حاتەم سەعید) توانیمان پاش چەند سەعاتێك سروودەکان تۆمار بکەین و کاك نوری وەشتی خۆی تۆماری دەکرد، دوای ئەوەی لەبەر نەچوونە دەرەوەی دەنگ دیواری ئەو ژوورە بچکۆلەیەی ماڵی کاك حاتەم هەمووی بە (بەتانیە و لیفە) داپۆشی بوو، چونکە ماڵەکەی لە گەڕەکی (ئەسحابە سپی) ناوەڕاستی شاری سلێمانیدا بوو، لە کۆتاییدا توانیمان بە جوانی وبە سەرکەوتوویی تۆماری بکەین و بۆ ڕۆژی دواتریش، لە ڕێگای ئەو برایەم کە نامەکەی هێنابوو بۆمان یەکسەر ڕەوانەی دەرەوەمان کرد.

### مامۆستا نەجاتی عەبدە لە چەند دێڕێکدا

- لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایك بووە.
- ساڵی ١٩٦١ ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (فەریدە مەحوی)ی کچی (شێخ محەمەد مەحوی) پێکهێناوە.
- باوکی دوو کوڕە بە ناوەکانی (دیاری) تەمەن ٥٠ ساڵە پزیشکی دداندو پسپۆڕە لە ڕواندنی ددان و لە بەریتانیا نیشتەجێیە و (دلێر) ئەندازیارە.
- ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سویدە.

دوو ڕۆژ دواتر، لە ئێستگەی دەنگی کوردستانەوە، هەموو خەڵکی کوردستان گوێی لەو دوو سرووده بوو، سەداو دەنگێکی زۆر گەورەو کاریگەری لەناو جەماوەر و پێشمەرگەدا هەبوو، بوو بە شانازییەك بۆ خۆم و هاوڕێکانم کە گوێمان لێدەبوو، سەرمان پێی بەرز دەبوویەوە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ کام لەو ئێستگانەی بڵاوی دەکەنەوە بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکەن شاعیر و ئاوازدانەرەکەی کێن و لە چ بارودۆخ وکاتێکدا دانراون و بە چ زەحمەتی و چۆن چۆنی تۆمار کراوە .

*** ئێوە بەبێ مامۆستاو بێ ئەوەی کەس فێرتان بکات شارەزاییەکی زۆرتان لە ژەنینی نای هەبووە، (حەقی شبلی) چۆن داوای لێکردیت،تا بچیت بۆ بەغداو ئامێری نای بژەنی و وەڵامی ئێوە بۆ ئەو چی بوو؟**

- کاتی خۆی خوالێخۆشبوو (حەقی شبلی) هاتە سلێمانی و دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکمان پێکەوە ئەنجامدا پێمی وت: کاکە نەجات تۆ بۆ نایەیت بۆ بەغدا ئیشمان زۆرە بە ژەنیارێکی وەك تۆ، منیش هەموو ئاسانکارییەکت بۆ دەکەم، لە وەڵامدا وتم: مامۆستا گیان ببوورە، من دەمەوێ شارەکەی خۆم بە هونەرەکەم و ئامێرەکانی مۆسیقا ئاشنا بکەم، زۆر سوپاست دەکەم.